دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٥٠، شەممە، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٤، ٤ی ئاوریلی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**ڕێبازە پیرۆزەکەی پێشەوا و شەهیدانی کوردستان بەردەوام دەبێ**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدانی پێشەوای سەرۆک کۆمار کە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناسراوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردەوە: پێشەوا لە سێدارە درا بەڵام خەبات و ئیرادەی گەلەکەی بۆ ئازادیخوازی بەهێزتر بوو. سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەروەها هێما بۆ ئەوە دەکات کە:**

**نە لەسێدارەدان و نە قڕکردن و ئەنفال و کیمیاباران و تیرۆر هیچکامیان نەیانتوانیوە ئیرادەی گەلی کوردستان بشکێنن. بارزانی لە کۆتاییدا وێڕای ناردنی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی پێشەوا و شەهیدانی ڕێگای ئازادی، ڕێبازە پیرۆزەکەیان جەخت لە بەردەوامیی دەکاتەوە.**


ئێران چۆکی دادا ٤


پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران... ٥


کێبەرکێی ئێران و سعوودی لە یەمەن ٦


ڕۆژی جیهانیی مینی دژە نەفەر ١٠

# ڕێبازی پێشەوا چرای یەکیەتی و بەرەنگارییە



ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری گیانفیدایانی ڕێگای ئازادی کوردستان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە سێ بڕگەی جیاوازدا پێکهاتوو لە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان، پێشانگای وێنەی شەهیدان و ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خاکەلێوە بە ئامادەبوونی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان، میوانان و بنەماڵەی شەهیدان بەڕێوە چوو.ئەم ڕێوڕەسمە لە بەشی یەکەمدا بە ڕێژەی سەربازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو مەزارگەی شەهیدان و پێشکەشکردنی سروود لە لایەن گرووپێ لە پێشمەرگەکانی حیزبەوە دەستی پێکرد.

هەر لەم بەشەدا، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێ لەگەڵ سەعید مەقرووزی، برای یەکێك لە شەهیدەکانی حیزب تاجە گوڵینەی وەفاداریان لەسەر گڵکۆی شەهیدێکی کوردستان دانا. ئەم ڕێوڕەسمە لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێشکەش کردنی سروودی ئەی ڕەقیب و چەن ساتێ بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، درێژەی پەیدا کرد.

لەم بەشەدا بەڕێز «مەسعوود تەك» سکرتێری گشتیی حیزبی سووسیالیستی کوردستانی تورکیە بە پێشکەش کردنی چەن وتەیەك وێڕای ڕێز گرتن لە پێشەوا قازی موحەممەد و هاوڕێیانی شەهیدی، پاڵپشتی حیزبەکەی خۆی لە دیاری کردنی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە وەك ڕۆژی شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان ڕاگەیاند. دواتر پەیامی کومسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن «تاهیر مەحمودی» ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب و بەرپرسی ئەم کومسیۆنە، خوێندرایەوە.

بەڕێز مەحموودی لە بەشێك لە قسەکانیدا ڕایگەیاند: « جێگەی خۆیەتی ئامۆژگارییەکانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەبیر و مێشکماندا تاوتوێ بکەینەوە و بەرگری کردنی پێشەوا لە دادگا فەرمایشییەکەی ڕێژیمی شادا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بەهێز لە سەلماندنی ڕێبازی بە حەقی کورد و پێشەوا و ڕەوایی مافی نەتەوایەتی کورد و ئازادی و بەها مرۆییەکانی ئەو نەتەوەیە بخەینە بەرچاو و بیکەینە ڕەمزی بەردەوامی لە خەبات و پێداگری لەسەر مافەکانمان».

بەڕێزیان هەروەها بە هێما کردن بۆ سەرکوتە دڕندانەکان دژی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هێرشی بەربڵاوی تیرۆریستەکان و هێزەکانی پارێزەری ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا و بەرخودانی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا ڕایگەیاند: « بە خۆشیەوە ئامۆژگارییەکانی پێشەوای نەمر قازی محەممەد یانی یەکگرتوویی کورد بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و دەرباز بوون لە هەلوومەرجی دژوار بە شێوەیەکی شیاو ڕەچاو دەکرێ و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە خەبات دژی ئەم تیرۆریزمەدا بە جۆرێک سەرکەوتوو بوون کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبووە، هەرچەند کاروانی شەهیدانی کوردی زیاتر و بە ئەژمارتر کردووە».

تاهیر مەحمودی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب هەروەها بە جەختکردنەوە لەسەر ڕێزگرتن لە بنەماڵەی شەهیدان و هەوڵی بێوچان لە پێناو ڕێبازەکەیاندا ڕایگەیاند: « ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە، کە لەم ڕۆژەدا بە سەردان لە بنەماڵەی شەهیدان بە دانانی چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری شەهیدان بە پێکهێنانی ڕێوڕەسمی یادکردنەوە و ئەمەگناسی دەربڕین بەرانبەر بە شەهیدان هەستی گەل دۆستی و کوردپەروەرانەی خۆیان بە جۆرێک نیشان بدەن کە شیاوی ئازیزانی لەدەست چوومان بن. هەر بەو ڕۆژەشی بەرتەسک نەکەینەوە و لە هەموو ڕۆژانی ساڵدا، پێڕاگەیشتن و پێگەیاندنی یادگارەکانی شەهیدان، یانی ڕۆڵەکانی ئەو شەهیدانە بە ئەرکی خۆمان بزانین و ڕێگا نەدەین ڕەوتی ژیانیان لە بێ نازیدا تێپەڕ بکەن». لەم ڕێوڕەسمەدا هەروەها پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن «هێرش کەریمی» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی خوێندکارانەوە بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پێشکەش کرا.

دەقی تەواوی پەیامی کومسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب لەم ڕێوڕەسمەدا، لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەدا چاپ کراوە.

## ئەمنیستی ئینترناشناڵ: ئێران زۆرترین ئاماری لەسێدارەدانی لە جیهاندا هەیە

ئەمنیستی ئینترناشناڵ لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠١٤ی زاییندا زیاترین ئیعدامەکان لە ئێراندا بەڕێوەچوون. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکخراوی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناوەندە ئەمنی و دادوەرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٧٤٣ کەسیان لە وڵاتی ئێراندا لەسێدارە داوە، کە تەنیا ٢٨٩ حاڵەتیان لە میدیا حکوومەتییەکانەوە بڵاو بوونەتەوە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە ئەو ڕاپۆرتەی بڵاو کردۆتەوە و ڕایگەیاندووە: بڕینەوەی حوکم و جێبەجێ کردنی ئەو حوکمە بە مەبەستی ترساندن و پێکهێنانی دۆخی ترس و تۆقاندن کاریگەرییەکی نییە و هیچ ئاماژەیەکیش بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو شێوە تێڕوانینە بەدی ناکرێ.پاش وڵاتی ئێران، عەرەبستان لانیکەم ٩٠ حاڵەتی لەسێدارەدان، عێراق لانیکەم ٦١ حاڵەتی لەسێدارەدان و ئەمریکاش بە ٣٥ حاڵەتی لەسێدارەدانەوە لە پلەکانی دواتردا جێگەیان دەبێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە جێگەی شوورەییە کە هێندێک وڵاتی وەکوو ئێران و عێراق، لەسێدارەدانی هاووڵاتییان بە ئامرازێک بۆ بەرنگاربوونەوەی تیرۆریزم لەقەڵەم ئەدەن.

لێبوردنی نیونەتەوەیی ژمارەی لەسێدارەدانەکانی لە ئاستی جیهاندا بۆ ساڵی ٢٠١٤ی زایینی ٢٤٦٦ حاڵەت ڕاگەیاندبوو، کە بە بەراورد لەگەڵ ئاماری پێشووی ٥٤١ حاڵەت زیاتر بووە.

بەهۆی نهێنیی ئەنجامدانی لەسێدارەدان لە وڵاتی چین، ژمارەی لەسێدارەدان لەو وڵاتەدا بۆ ساڵی ٢٠١٤ ڕوون نییە و لەو ڕاپۆرتەی ئەمساڵی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەییدا هێمای بۆ نەکراوە.

خاڵی جێگەی سەرنجی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئەوەیە کە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لەو وڵاتانەی کە لەسێدارەدانی تێدا بەڕێوە دەچێت، لە ٤١ وڵاتەوە بۆ ٢٢ وڵات کەمی کردووە.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

پاش دەبێ و نابێیەکی زۆری سیاسی، شاندەکانی دیپلۆماتیکی ڕێژیمی ئێران و کۆبەندی ١+٥، چوارچێوەی لێك تێگەیشتن بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ناوکیی ئێرانیان بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە. هەر ئەوەی کە هەر یەك لە لایەنەکان لە چوارچێوەیەکی گونجاو لە گەڵ وەزعی نێوخۆیی وڵاتەکانیاندا ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنەیان بڵاو کردەوە، نیشان دەدا کە جارێ ڕێگایەکی دژواریان لەبەرە . وتووێژ لە سەر خاڵەکان، جێ بە جێ کردنی ڕێککەوتننامە، چاوەدێری و کۆنترۆلی نێونەتەوەیی و لە هەمووی گرینگتر ئاسۆی هاوکارییەکانی دوو یا چەند لایەنە لە سەر ئەو بابەتە، جارێ کاری دەوێ.

گریمان هەموو لایەنەکان،بە شێوەی جیددی ڕێزیان لەو چوارچێوە و ئەو ڕێکەوتننامەیە گرت کە بڕیار وایە لە سەر بنەمای لێك تێگەیشتنی ڕاگەیەندراو واژۆ بکرێ، تۆ بڵێی ئەو کات وەڵامی کاربەدەستانی ئێران بۆ باقی ئەو کۆمەڵە پرسیارانە کە لە ڕابردوودا لە ڕۆژەڤی گەلانی ئێراندا بووە، گۆڕانی بەسەردا بێ؟ ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەگشتی جیهانی پاش ڕێککەوتننامەی ئیحتیمالی زیاتر دەبێ؟ کۆماری ئیسلامی، واز لە زێدەخوازی و مەیدانداریەکانی لە باقی وڵاتانی ناوچەدا دێنێ؟ سەرکوت و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێراندا ڕادەگرێ؟ جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان ڕادەگرێ، یا گرتن لە سەر بیروڕا یا ڕێگری لە چالاکی سیاسی و هتد دەگۆڕێ؟ دەرفەتی پێك هاتوو بۆ باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئاسایی بە کار دێنێ؟ سنوورێك بۆ دەسەڵاتی ڕەهای سوپا و بەسیج بە سەر سیاسەت، ئابووری، ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکان، تێکنۆلۆژی و پیشەسازی دادەنێ؟ واز لە هەڕەشە و ئاژاوەگێڕی لە ناوچە و لە جیهان دا دێنێ...؟

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەر لە سەرهەڵدانی ناکۆکی لە گەڵ وڵاتانی ١+٥ لە سەر بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمیش، لە قەیراندا بوو. بۆیە بۆ گەلانی ئێران بابەتی وزەی ناوکی و ڕێککەوتن لە سەر ئەو کێشەیە، تەنیا دڵۆپێکە لە دەریایەك کێشە و گرفتاری کە لە سایەی کۆماری ئیسلامی دا تووشی بوون. ئەو گرفتاریانەش نە تەنیا بەو ڕێککەوتنە چارەسەر نابنەوە، بەڵکوو دەستی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ خۆنواندنی ئاڵۆزیخوڵقێن لە سیاسەتی جیهانیدا زیاتر ئاواڵە دەکاتەوە. ئەگەر وڵاتانی ١+٥ ش تەنیا لەو گۆشە ڕوانینەوە لە گەڵ ئێران هەڵس و کەوت بکەن، بە دەستی خۆیان کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران بۆ ماوەیەکی نادیاری دیکەش قووڵ و ئاڵۆز دەکەن.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ بەڕێز مام جەلال دیداری کرد




ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی بەڕێز «مام جەلال تاڵەبانی»، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ سەرەتا لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن بەڕێز «مەلا بەختیار» و ژمارەیەك کەسایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا و لە پێوەندیی لە گەڵ دۆخی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، عێراق بە گشتیی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. لە درێژەی ئەم چاوپێکەوتنە دوولایەنەدا، لە سەر پێوەندییە دێرینەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی پێداگری کرایەوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە پاش چاوپێکەوتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی لە مەکتەبی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی، کاتژمێر ١ و ٣٠ی خولەکی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی لە شوێنی تایبەتی خۆی کرد. لەو دیدارەدا، شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لە دیدار لە گەڵ مام جەلال و بەرز نرخاندنی ڕۆڵیان لە خەبات و بونیادنانەوەی عیراقی نوێ و شوێندانەری لە سەر ڕەوتی سیاسی لە کوردستانی باشوور، چەند پرسێکی گرینگی دیکەیان تاوتوێ کرد. شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دیدار لە گەڵ مام جەلال تاڵەبانی، لە لایەن شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە گەرمی بەڕێ کران.

## ڕاگەیەندراوی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە بارەی هێرشی بۆ سەر کەمپی ئازادیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە، د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو: «مسعوود بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستیی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە و گەیشتن بە ڕاستییەکان لە زووترین کاتدا بڕیاریداوە لێژنەیەك لە سەر ڕووداوی هەڵکوتانە سەر کەمپی ئازادیی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئاسایشەوە لە شاری کۆیە، پێك بهێنرێت». بە دوای پێك هاتنی ئەو لێژنەیە، دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیایدا هاتووە: «لێژنەکە ڕاپۆرتێکی لەم بارەیەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد. لە سەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە و بە پێی یاسا، ئیجرائاتی کارگێڕی بەرامبەر بە سەرپێچی کارانی ڕووداوەکە وەرگیرا».

## سپاسنامەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان
ڕۆڵەکانی خەباتگێڕی نەتەوەی کورد

نەورۆز وەك جێژنێکی نەتەوەیی و ڕێوڕەسمەکانی وەك دابێکی کۆنی کوردەواری لە کۆنەوە پیرۆزی و گرینگی تایبەت بە خۆیان هەبووە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد هەمیشە بە سەرنجەوە ڕوانیوانەتە ئەم پیرۆزی و گرینگییە و لە هەلومەرجی زۆر دژواریشدا نەورۆزیان جێژن گرتووە و ڕێوڕەسمەکانیان بەڕێوە بردوە. لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە هەوڵی بێڕەنگ کردن و بایخ نەدان بەو جێژنە نەتەوەییە دراوە، بەڵام هیچکات نەتوانراوە لە پیرۆزی نەورۆز کەم بکرێتەوە. بە تایبەت کە لە سەرەتای نەورۆزی ئەمساڵیشدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی چڕتر و هەڕەشەیەکی زیاترەوە هەوڵی پێشگرتن بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیدا و بۆ ئەم مەبەستەیش بیانووی جۆراجۆری تاشی، بەو حاڵەش نەکرا و نەیتوانی بەم ئامانجەی بگا و هەروەك نەورۆز هەمیشە ڕەمزی ژیانەوە، سەرهەڵدانەوە و خەبات بووە، ئەمساڵیش بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی کۆماری ئیسلامی، هەر وەك لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پیلانی ڕێژیم لە قاودرا بوو و داوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکان کرابوو، بە خۆشییەوە دیترا کە ئەمساڵیش نەورۆز بوو بە ڕەمزی تێکۆشانی دژ بە زۆرداری و بە یەکگرتوویی و هەست بە بەرپرسیارەتی کۆمەڵانی خەڵك بەرانبەر بە جێژنی نەتەوەیی نەورۆز، ڕێوڕەسمی تایبەت بەم بۆنەیە سەرەڕای گوشار و هەڕەشەی ڕێژیم بەشێوەی شیاو و بەرین بەڕێوەچوون. لەو پێوەندییەدا بە جێیە سپاسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین کە لەو بارەشەوە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان بە جێ گەیاند و «نا»یەکی دیکەیان بە ڕێژیم گوت و بە هۆشیاری و بەرپرسیارەتی خۆیان ڕێزی شیاویان لە خەبات و بەرخۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان گرت و شقڵی هەرگیز نەمرییان لە بۆنە و جێژنی نەتەوەیی دا. هەر بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزبایی دووبارەمان سپاسی خۆمان ئاڕاستەی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەکەین و ئاواتی ئەوە دەخوازین کە بە یەکگرتوویی زیاتر هەروا بەردەوام بن لە پووچەڵکردنەوەی پیلانی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیی و ئینسانیەکانمان.

هەر بژین و سەرکەوتووتر بن
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی
زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی
هەتاوی

## لە ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکرات، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی لە ساڵۆنی گشتیی ناوەندی ٣ی کوردستان و بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و ئەندامان و بنەماڵەکانی کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات مەراسیمی تایبەت بە ١٠ی خاکەلێوە بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی ڕێوڕەسمەکە لە لایەن «کەریم قەڵاتی» ئەندام ناوەند و بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی ناوەندی ٣ی کوردستان خوێندرایەوە. پاشان «خالید گەرگوولی» پەخشانێکی لە نووسینی «سەلاح سەمەدی» لەژێر ناوی «سڵاو لە دوکتور قاسملوو» پێشکەش کرد.دواتر گرووپی سروودی کۆمیتەی «هیوای لاوانی» جێژنیکان سروودێکیان لەژێر ناوی «شەهید» پێشکەش کرد. پاشان «حەسەن حوسێننیا» پەخشانێکی لەژێر ناوی « پێشەوا بەرەو هەرمان» خوێندەوە.لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، بەشداربوان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە شەهیدان، سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دێموکراتیان لە جێژنیکان کرد. لەو بڕگەیەدا گرووپی سروودی لاوان، سروودی «ئەی شەهیدان» یان خوێندەوە و دواتر تاجەگوڵینەیەك لە لایەن سەدیق دەرویشی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و «پوورە ڕێحان» ژنی شەهید کازم عەزیزی لە سەر گڵکۆی شەهید سەید «ڕەحیم جیگەری» دانرا.لە بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا، پیشانگای وێنەی شەهیدانی ناوەندی ٣ کە پێکهاتبوو لە وێنەی شەهیدانی کۆمیتە شارستانەکانی، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆ لە لایەن ڕەحیم مەنگوڕی کادری حیزب و خاتوو شادی، کچی شەهید هەژار مینبەری کرایەوە و بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد.

## پەیامی بەڕێز مەسعود تەک، سکرتێری پارتی سوسیالیستی کوردستان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان»

کەس و کار و بنەماڵەی دڵسۆزی شەهیدان!
بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
ئەندامانی بەرێزی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات!
کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکان!
بە ناوی هەموو ئەندام و لایەنگرانی حیزبی خۆم، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، لە بەرامبەر قامەتی پێشەوا و هەموو شەهیدانی کوردستان کرنۆش دەبەم و پەیمان نوێ دەکەم کە نەهێڵین ئالای شەهیدانی کوردستان بکەوێتە سەر زەوی.
خوشك و برایانی هێژا!
ئاڵا و سرود بەهای هاوبەشی هەموو نەتەوەکانن. ئێمەش کۆمەڵێك بەهای هاوبەشمان هەیە کە ئەم بەها هاوبەشانە کاریگەرییان لە سەر هەست و بیروباوەڕی نەتەوەییمان هەیە و بە هێزتری دەکەن وەك: ئاڵای ڕەنگین، سرودی ئەی ڕەقیب و جێژنی نەورۆز. ئاڵای ڕەنگین ئاڵای هەموو کوردێکە. کورد لە هەر کوێ بن، بە هەمان هەست نەورۆز پیرۆز دەکەن و سرودی ئەی ڕەقیب دەخوێنن. تاکەکانی هەر نەتەوەیێك لە خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکتردا خۆشحاڵ و غەمگین دەبن.
هاوڕێیانی هێژا!
بۆ خەباتگێڕانی کورد، شەهیدبوون ئامانج نیە، بەڵام ئەگەر پێویستی کردبێ، بە بێ ترس بەرەو مەرگ ڕۆیشتوون و گیانیان فیدای گەل و وڵات کردوە. هەروەك شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ: «لە بن هەر بەردێکدا، لە بن هەر دارێك و هەر ئەشکەوتێکی ئەم کوردستانەدا شەهیدێکمان هەیە». بەڵام بە داخەوە تا ئێستاش ئێمە ڕۆژێکی هاوبەشی شەهیدانمان نیە، کە هەموو کوردێك لەو ڕۆژەدا شەهیدەکانی وەبیر بێنێتەوە و پەیمان نوێ بکات بۆ درێژەپێدانی ڕێگاکەیان.
خوشك و برایانی هێژا! بێگومان هەموو ڕۆژانی ساڵ شایانی ئەوەن کە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدەکانمان دیاری بکرێن، چونکە ڕۆژ نیە کە بۆ ئازادیی کوردستان چەندین کورد شەهید نەبن. بەڵام بە بڕوای ئێمە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە (٣٠ی مارس) ڕۆژی هەرە گونجاوە کە وەك ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری بکرێ. چونکە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی شەهیدکردنی یەکەم سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاورێیانیەتی.

## شاندێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرەستیی بەڕێز«سەعدی ئەحمەد پیرە» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لە دەستپێکی ئەو چاوپێکەوتنەدا، سەرپەرەستیی وەفدی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خۆشحاڵی خۆی و وەفدی یەکیەتیی نیشتمانی بۆ سەردانی حیزبی دێموکرات دەربڕی و دەوری حیزبی دێموکراتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بەرز نرخاند. پاشان مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای بەخێرهاتنی وەفدی مێوان لە سەر پێوەندی لەمێژینەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. لەو چاوپێکەوتنەدا، هەردوو لایەن وێڕای باس لە سەر پرسە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان، لە سەر بەهێزترکردنی پێوەندییەکانی هەر دوو لایەن لە داهاتوودا پێداگرییان کرد.

## بەیاننامەی حیزبی شیوعی کوردستان سەبارەت بە ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی «شەهیدانی کوردستان»

پێشەوا قازی محەممەد نامرێت

لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا ٣٠ی مارس(١٠ی خاکەلێوە) کە ڕۆژێکی خەمناك و پڕ لە ناسۆرییە، شەست و هەشتەمین ساڵیادی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆك کۆماری کوردستانە، ئەو سەرکردەیەی ڕێژیمی پاشایەتی گۆڕ بە گۆڕی ئێران لە شاری «مەهاباد»ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارەیدا، مەبەستی ئەو ڕێژیمە لە سێدارەدانی پێشەوا ئەوە بوو کە دەنگی ئازادیخوازانە و مەشخەڵی شۆڕشی کورد بۆ هەتاهەتایە دابمرکێنێتەوە. ڕێژیم پێی وابوو بەو تاوانە خەون و ئامانجی گەلی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی لە گۆڕ دەنێت، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ نەوەکان و هەڵگرانی بیری ئازادی کورد بەردەوامن لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان و شەهید بوونی پێشەوای خۆیان کردۆتە توێشووی بەردەوامیەتی کاروانی خەبات.

سەربەرزی بۆ قازی محەممەدی پێشەوا

مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی کوردستان
٣٠ی مارسی ٢٠١٥

## شاندێکی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی «مام خدر ڕووسی»، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد ساڵح قادری» پێشوازیان لێکرا. لەو سەردانەدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کوردستان بە گشتیی و بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەد، لەو دیدارە دا چەند بابەتەی وەك، ئیستای هەرێمی کوردستان و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا خرایە بەرباس. هەروەها لەو سەردانەدا، لە سەر پێوستیی هەوڵدان بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان و پێداگری لە سەر هاوکاریی نێوانیان لە پێناو بەرگری و پاراستنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد، لەو قۆناغە هەستیارەدا جەخت کرایەوە.

## بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی دیالۆگ لە سەر مافی گرووپە ئێتنیکەکانی ئێران

ڕێکەوتی ٢٧ و ٢٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، دوکتور عەلی عەبدیلزادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی جیهانیی نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکان (UNPO)، لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە مافی نەتەوەکانی ئێران لە ژێر ناوی «دیالۆگ لە سەر مافی گرووپە ئەتنیکەکان لە ئێران» بەشداریی کرد. ئەم کۆنفرانسە لە لایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران و چەند ئەنجومەنێکی دیکە لە زانکۆی ژنێڤ و مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی سویس بەڕێوەچوو. چەندین پسپۆر و شارەزا لە بواری پرسی نەتەوەکانی ئێران، د.ئەحمەد شەهید، ڕێپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، شیرین عەبادی، براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل و نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێرانی لەم کۆنفرانسەدا بەشدارییان کردبوو.

## به بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کرد

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ساڵرۆژی لە سێدارەدانی قازی محەممەد و هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، لە شارەکانی بۆکان، شنۆ، نەغەدە و ڕەبەت، بە چەپکە گوڵ سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کردووە و وەفاداریی خۆیان بۆ درێژەپێدانی ڕێبازی شەهیدان لە گەڵ بنەماڵەکانیان دووپات کردووەتەوە.

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە شارەکانی بۆکان و کامیاران و سەقز و هەوشار چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد. ئەندامانی حیزبی دێموکرات، پووستێری تایبەتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتیان بە نیشانەی ڕێزلێنان لە بنەماڵەی شەهیدان و وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدان، بۆ بنەماڵەی شەهیدان ناردووە. هەروەها تراکت و پووستێری تایبەت بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانیان لە زۆربەی گەڕەك، شوێنە گشتییەکان، مزگەوت و قوتابخانەکانی ئەو شارانە بڵاو کردووەتەوە. هەوەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، تاجە گوڵینەیان لە سەر گڵکۆی شەهید «سەروان ئەفشین» داناوە.

## لە ڕۆژئاوای کانادا کۆڕێکی ڕێزلێنان بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕۆژئاوای کانادا بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کۆڕێکی ڕێز لێنان و یادکردنەوە لە شەهیدانی بەڕێوە برد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.پاشان «شەهریار ویژە» پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. دواتر «کیومەرس نیك ڕەفتار» وتارێکی لە سەر شەهید و ڕیشەی ئەم وشەیە پێشکەش بە بەشداربووان کرد. پاشان حەمید بەهرامی، بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ئامریکای باکوور، پەیامی پرسە و هاوخەمی ڕێکخراوەکەیانی پێشکەش کرد. هەروەها «گابار چۆلی» بروسکەی هاوخەمی هەر یەك لە پارتی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان و سازمانی خەباتی شۆڕشگێری کوردستانی ئێرانی کە بۆ ئەم ڕێوڕەسمە نێردرابوون، پێشکەش کرد. دواتر «ئیسمایل ئیبراهیمی»، نوێنەری حیزب لە کانادا، وتارێکی لە سەر سیستمی "ولایەتی فەقیە" و دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی پێشکەش کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بۆ ڕێزگرتن لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، نامەیەکی ڕێزگرتن و گوڵێکی سوور و کۆپیەك لە فیلمی «شەقامی دوکتور قاسملوو» پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کرا. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، ئەحەد وەکیلی، پێشمەرگەی دێرینی ئازەری زمان چەند بیرەوەریەکی پێشمەرگایەتی و وتارێك لە سەر بیری نەتەوایەتی لە ڕوانگەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی پێشکەش کرد و پاشان کاوە سوور، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تایبەت بوو بە فیلمی بیرەوەری هاوڕێیەکی پێشمەرگە لە ڕۆژەکانی سەختی پێشمەرگایەتی و چۆنیەتی شەهید بوونی هاوڕێیانی و ڕێزلێنان لەو خەبات و فیداکاریە.

## لە نۆروێژ ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ١٠ی خەکەلێوە بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ئۆسلۆ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان لە ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد. ڕێورەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان «جەمیل کولاهی» باسێکی لە سەر کۆماری کوردستان و ڕەهەندە جیاوازەکانی پێشکەش کرد. پاشان کۆمەڵێك پرسیار لە لایەن بەشداربوانی ڕێورەسمەکە پێشکەش کرا و ناوبراو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. پاشان «سمکۆ بێکەس» پەخشانێکی لەژێر ناوی «بۆ شەهیدانی کوردستان» پێشکەش بە بەشداران کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا مریەم عەلی پوور، سمکۆ ئیسماعیل زادە و ئیبراهیم لاجانی هەر کامیان باسێکیان پێشکەش کرد و وەڵامی پرسیاری بەشداربووانیان لە پەیوەندی لە گەڵ بابەتەکان دایەوە. دواتر چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لە لایەن «عەباس نامی» بەرپرسی کۆمیتەی ئۆسلۆ پێشکەش بەو هاورێیانە کرا. ڕێورەسمەکە بە سرودی «ئافەرین قازی محەممەد» بە دەنگی هونەرمەند «ناسری رەزازی» کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی ١٠ ی خاکەلێوە لە ڕۆژهەڵاتی کانادا بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب، لە لایەن کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە هاوکاریی ماڵی کورد لە شاری تۆرێنتۆ بەڕێوەچوو. سەرەتا، ڕێورەسمەکە بە پێشکەش کردنی سروودی نەتەوایەتی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان، شێعرێکی شێرکۆ بێکەس بەناوی «شەهید» لە لایەن « تاهیر دەرویژە»ـەوە پێشکەش کرا. لە پانێلی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا، پەیامی حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان پێشکەش کرا. لە بەشی دووهەمی پانێلەکەدا چەند شێعر و هەڵبەست پێشکەش کرا. پاشان، پەیامی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کانادا - حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە لە لایەن «سەعید گولشەن»ـەوە خوێندرایەوە. دواتر، شێعرێك بە ناوی «ئەی شەهید» لە لایەن «ئەمیر شوعاعی وەند»ـەوە پێشکەش کرا. لە پانێلی دووهەمدا، ئاوا هوما چالاکی مەدەنی، دوکتور فەریدوون ڕەحمانی ماموستای زانکۆکانی دهۆك و تۆرێنتۆ و سیاوەش وەیسی نووسەر، سێ بابەتی زانستیان پێشکەش کرد. لە بەشی کۆتایی دا وێنەی شەهیدانی هەر چوارپارچەی کوردستان پێشانی بەشدارانی کۆڕیادەکە درا. هەروەها هەر بەم بۆنەیەوە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی پەیامی خۆیان پێشکەش کرد.

## لە «فالۆن» کۆڕیادێک بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری فالۆنی وڵاتی سوید، بەهاوکاری یەکیەتیی کوردانی ئەو شارە سیمینارێکی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان بەڕێوە برد. سەرەتا سیمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی حیزب و یەکیەتیی کوردانی شاری فالۆن بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە لایەن « جەلال کەریمی» بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەو شارە خوێندرایەوە. لەبڕگەی کۆتایی ڕێورەسمەکەدا وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی مەزن و دەستەگوڵ پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کرا.

## لە سوید ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری یۆتۆبۆری بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێك بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە شاری یۆتۆبۆری سوید بەڕێوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەی شەهیدان، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات، نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و کوردستانی و هەروەها کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانی دانیشتووی ئەو شارە بەشدار بوون. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی ڕەقیب» و خۆلەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستیپێکرد. پاشان «موراد قادری» بەرپرسی کۆمیتەی یۆتۆبۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامی کۆمیتەی حیزبی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. پاشان «عەبدوڵڵا حیجاب» چالاکوانی سیاسیی کورد، بەم بۆنەیە باسێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا، لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ یۆتۆبۆری، تاجە گوڵی ڕێزلێنان بە سەر بنەماڵەی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستانی بەشداربوو لەو ڕێوڕەسمەدا دابەش کرا.

## ڕێوڕەسمی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە لە واشینگتۆن دی سی بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا ڕێوڕەسمێکیان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، «ڕۆژی شەهیدان» بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا «ئارش ساڵح» نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا باسێکی لە سەر گرینگی لێکدانەوەی لایەنە جیاوازەکانی ١٠ی خاکەلێوە و بڕیارەکانی سەرکۆماری کوردستان و کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان لەو سەردەمەدا پێشکەش کرد. پاشان «ڕەحیم ڕەشیدی» ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا باسێکی لە ڕۆڵی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان پێشکەش کرد. هەروەها «مەحبوبە حوسێنی» ئەندامی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا کورتەیێك لە ژیاننامەی قازی محەممەدی پێشکەش بە بەشداران کرد. هەروەها لەو ڕێوڕەسمەدا پیشانگایەك لە وێنەی شەهیدانی کوردستان ئامادە کرابوو کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازی لێ کرا. لە بەشی کۆتاییدا کورتە فیلمێك، بەم بۆنەوە لە لایەن دووریا عەبدوڵڵا زادە ئامادە کرابوو، پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

## لە دانمارک کۆڕیادێک بەبۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە، بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆڕیادێك بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» لە شاری ئالبۆرگی باکووری دانمارك بەڕێوەچوو. کۆمیتەکانی حیزب، لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو شارە بە مەبەستیی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کە لەو ڕۆژەدا و لە ساڵی١٣٢٦ی هەتاویدا یەکەمین سەرکۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد و سەدر و سەیفی قازی لە چوارچرای شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان بە بڕیاری شانۆیەکی نیزامی بە ناوی دادگا و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی حەمەڕەزا شای پەهلەوی لە سێدارە دران، کۆڕیادێکیان بەڕێوە برد کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی دانیشتووی ئەو دەڤەرە بەشداریان کردبوو. کۆڕیادەکە بە سرووی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن «ئەحمەد خانی» بەڕێوەبەری ئەو کۆڕیادە بە خێرهاتنی بەشداران کرا. دواتر ٦٨ مۆم لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی بەشدار بووەوە، داگیرسێندران. پاشان «سلێمان کەڵەشی» برای شەهید «کەرەم کەڵەشی» بە نوێنەرایەتیی ئەو بنەماڵە شەهیدانەی کە بەشداری کۆڕیادەکەبوون وتارێکی پێشکەش کرد. هەوەها ژیاننامەی شەهید پێشەوا لە لایەن «قومری ساڵح زادە»وە پێشکەش کرا. لە درێژەی کۆڕیادەکەدا هەڵبەستی «منالێکی شەهید بۆ قاسملوو» لە لایەن «کوێستان عومەری» و پارچە «هەڵبەستێك بۆ شەهیدان» لە لایەن عومەر شێخە نەژادەوە پێشکەش کرا. بەشی کۆتایی کۆڕیاد گێڕانەوەی بیرەوەریی چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بوو. هەر وەها ئەسعەد کەماڵی پێشمەرگەی دێرینی حیزب کە لە شەڕێکدا بە برینداری ئەسیر کرابوو و ئەو کاتی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بە شەهید خوێندرابووە ، باسی چۆنیەتی گیران و ئەشکەنجە و ئازارەکانی لە ٦ ساڵی زیندانەکەی کرد. هەوەها کۆمەڵێك پەیام و بروسکە لە لایەن لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ ئەو کۆڕیادە ناردەرابوو کە سپاسیان کرا.

## شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی تەزامون دێموکراتیکی ئەهواز بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی تەزامون دێموکراتیکی ئەهواز لە بارەی فێدرالیزم و سەر بەخۆیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بەشداریی کرد.

لەم کۆنفرانسەدا، «ناهی ساعد» لێکوڵەر و ڕۆژنامەنووسی عەرەب باسێکی پێشکەش کرد. دواتر «حوسێن ئەحمەدی» ئەندامی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی وردی لە سەر فێدراڵیزم و چەمکەکانی و تێروانینی حیزبی دێموکرات بۆ فێدراڵیزم پێشکەش کرد. پاشان، جابر ئەحمەد لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووسی عەرەب، نۆینەری حیزبی میللەتی بەلووچستان، دکتور یووسف عەزیزی، لێکۆلەر و نووسەر و دکتور کەریم عەبدیان لێکۆڵەر و نووسەر، وتاری خۆیان پێشکەش کرد. کۆتایی کۆنفرانسەکە بۆ پرسیار و تێبینی بەشداربوان تەرخان کرابوو.

## هاووڵاتییەکی کورد بە هۆی ڕاوەدوونانی هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیمەوە، کوژرا

ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوە ١٣٩٤ی هەتاوی، لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی کەیهان مەقرووزی لە جاددەی نودشە ـ نەوسوود، بە گومانی ئەوەیکە خاوەنی ماشێنەکە، کەلوپەلی قاچاغی پێبووە، کەسێك بە ناوی «سەدیق کامکاری» تەمەن ٧٥ ساڵ گیانی لە دەست دا.

سەدیق کامکاری، برای شەهید «تۆفیق کامکاری» ناسراو بە « تۆفیق ڕەش» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، سلێمان سابیری کوڕی خدر، خەڵکی گوندی «نەرزیوە»ی شاری شنۆ، ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی هەژار، چاوی بە دونیا هەڵێنا و هەتا پۆلی ٤ی سەرەتایی خوێندوویەتی و پاشان بە هۆی هەژاری و دەستکورتییەوە وازی لە خوێندن هێناوە و سەرقالی وەرزێڕی و یارمەتی بنەماڵەکەی بوو. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، برایەکی سلێمان بە ناوی «کەریم» دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ساڵی ١٣٦٢ شەهید دەبێت. سلێمان سابیری ٣ ساڵ پاش شەهید بوونی براکەی واتە لەساڵی ١٣٦٥ هەتاویدا، دەبێتە پێشمەرگە و چەکی براکەی بۆ درێژەدانی ڕێبازەکەی لە شان دەکات و تا دوا ساتەکانی ژیانی وەفادار ڕیبازەکەی دەبێت.کاك سلێمان هەم لە کاتی ژیانی ئاسایی و هەم لە ژیانی پیشمەرگایەتییدا بە کەسێکی ڕووخۆش و قسە خۆش ناسرابوو و خەڵك ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت. ناوبراو لە ماوەی پێشمەرگایەتییدا ئەرکی جۆراوجۆری وەکوو پێرسنۆلی نەخۆشخانە، کاری خەدماتی بەجێ گەیاندووە و لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی شنۆ و مرگەوەڕدا بەشداریی چالاکانەی هەبووە.کاك سلێمان بە هۆی ئۆگرییەك کە بە حیزبی دێموکرات هەیبوو، خاوەن ئارشیڤێکی تایبەت بە خۆی، لە پرتووك و بڵاوکراوەکانی حیزب و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و پێشمەرگەکان بوو. سلێمان سابیری بە هۆی نەخۆشییەکی درێژماوە کە دوو ساڵ بوو تووشی ببوو، بە داخەوە کاك سلێمان لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. تەرمی کاك سلێمان لە نێو ئاپۆرای هاوسەنگەرانی و بنەماڵەکانی جێژنیکان و بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمیسیۆنی سیاسی_ نیزامیی حیزب، لە گۆڕستانی شەهیدانی دێموکرات لە جێژنیکان ئەسپەردەی خاك کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشیی خۆی لە خزم و کەس و کار و هەروەها هاوسەنگەرنی شەهید سلێمان سابیری دەکات.

# ئێران چۆکی دادا

فاتێح ساڵحی

وتووێژه ناوکییه‌کانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ٥+١ پاش کۆتایی هاتنی ئۆلتیماتۆمی ٣١ی مارس که دوو ڕۆژ زیاتری خایاند، پێی ناوه‌ته قۆناغێکی نوێوه که وێده‌چێ به چۆکدا هاتنی ئێران یه‌کێك له لێکه‌وته هه‌ره به‌رچاوه‌کانی ئه‌م دانووستانانه بێت.

به بڕوای زۆربه‌ی کارناسی ئه‌م بواره له ڕواڵه‌تدا ڕه‌نگه کۆماری ئیسلامی توانیبێتی هه‌ندێ پوان له وڵاتانی ٥+١وه‌ربگرێت به‌ڵام له ڕاستیدا ئه‌م پوانانه نه ته‌نیا به ده‌سکه‌وت ناینه ئه‌ژمار به‌ڵکوو له نێوه‌ڕۆکی خۆیاندا ته‌نیا بۆ به‌رخۆری نێوخۆیی و ڕازیی کردنی کاربه‌ده‌ستانی توندئاژۆی کۆماری ئیسلامییه. ئه‌گینا به پێی ده‌قی «ڕاگه‌یه‌نراوی لێکتێگه یشتن» ، ( هه ڵبه ت ڕاگه‌یه‌نراوه‌که‌ی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئامریکا نه‌ك ڕاگه‌یه‌نراوه‌کانی کۆماری ئیسلامی ) ئێران به ته‌واوی له هه‌موو بواره‌کانی پرۆگرامه ناوکییه‌کانیدا چه‌ك کراوه و ئه‌و به‌شه‌ی که له ڕواڵه‌تدا بۆ ئێران ده‌مێنێته‌وه ته‌نیا نمایشییه و نه له باری زانستیی و نه له‌باری ئابوورییه‌وه هیچ ده‌سکه‌وتێکی ئه‌وتۆی بۆ ئێران نابێ و به شێوه‌یه‌کی به‌رچاو چالاکییه ناوکییه‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوه‌ی ١٠ تا ١٥ ساڵ ڕاده‌گیرێ و ده‌که‌وێته ژێر چاوه‌دێری زۆر وردی کارناسانی ڕێکخراوی وزه‌ی ناوکی و وڵاتانی ١+٥.

ڕه‌نگه ئه‌مه له ڕوانگه‌ی یه‌که‌مدا به شتێکی زۆر گرینگ نه‌یه‌ته ئه‌ژمار به‌ڵام له ڕاستیدا ئه‌مه ده‌سکه‌وتێکی گه‌وره‌یه بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و به تایبه‌ت ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا که لانیکه‌م بۆ ماوه‌ی زیاتر له ١٠ ساڵ به شێوه‌یه‌کی یاسایی چاوه‌دێری بکه‌ن به‌سه‌ر هه‌موو چالاکییه ناوکی و سه‌ربازییه‌کانی کۆماری ئیسلامی و جگه له‌م حاڵه‌ته‌ش به شێوه‌یه‌کی به‌رچاو ئه‌گه‌ری شه‌ڕ و ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه له ئه‌مریکا دوور ده‌خاته‌وه. به‌م پێیه زیاتر له هه‌ر وڵاتێ ڕه‌نگه ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا و وڵاتانی ترۆیکایی ئۆرووپایی قازانج ده‌به‌ن که نه‌ك به ته‌واوی ئێران چه‌ك ده‌که‌ن به‌ڵکوو له ئه‌گه‌ری ڕێککه‌وتنی کۆتایی و به ئه‌نجام گه‌یشتنی «ڕاگه‌یه‌نراوی لێکتێگه‌یشتن» و بوون به ڕێککه‌وتنامه، وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئۆرووپا له هه‌موو بواره‌کاندا جێگه به وڵاتانی ڕووسیه و چین له بازاڕه‌کانی ئێراندا لێژ ده‌که‌ن و بۆ خۆیان ده‌بنه خاوه‌نی بێ ئه‌ملا و ئه‌ولای هه‌موو بازاڕه‌کانی ئێران. هه‌ڵبه‌ت ده‌بێ له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته‌ش جه‌خت بکه‌ینه‌وه که له ئه‌گه‌ری ڕوودانی وه‌ها حاڵه‌تێکدا وێده‌چێ له یه‌ك دوو ساڵی سه‌ره‌تایی ڕێککه‌وتنه‌که‌دا خه‌ڵکی ئێران به شێوه‌ی به‌رچاو پشکێکی ئه‌وتۆیان به‌ر نه‌که‌وێت به‌ڵام بێ گومان پاش درێژه‌کێشانی ڕێکه‌وتنه‌که و پێشل نه‌کردنی له لایه‌ن ئێرانه‌وه و هه‌روه‌ها هه‌ڵپه‌ساردنی گه‌مارۆکانی سه‌ر ئێران تا ڕاده‌یه‌ك بارودۆخی ئابووری خه‌ڵك به‌ره‌و باشه گۆڕانی به‌سه‌ردا بێت و بازاڕی ئێران به قازانجی خه‌ڵك تا ڕاده‌یه‌ك ببووژێته‌وه.

هه‌ڵبه‌ت ئه‌مانه له حاڵێکدایه که کۆماری ئیسلامی به هه‌موو شێوه‌یه‌ك پابه‌ند بێ به‌و ڕێککه‌وتنامه‌ی که بڕیاره له کۆتایی مانگی ژوه‌ندا واژۆ بکرێت. هه‌رچه‌ند به ڕای هه‌ندێك له کارناسانی ئه‌م بواره ئه‌سته‌مه که ئێران و ڕۆژئاوا له کۆتایی مانگی ژوه‌ندا به ڕێککه‌وتنی کۆتایی بگه‌ن. چونکوو به به‌ڵگاندن به‌و باس و بابه‌تانه‌ی که له دوایین خولی دانووستانه‌کانی ڕۆژئاوا و ئێران له لۆزانی سوویس هاتبوونه ئاراوه، پێیان وایه که ده‌رکردنی «ڕاگه‌یه‌نراوی لێکتێگه‌یشتن» تاکه ڕێگه‌چاره بوو بۆ پێشگرتن به شکست و بنبه‌ستی دانووستانه‌کان. چونکوو ئه‌گه‌ر کاربه‌ده‌ستانی ڕۆژئاوا و به تایبه‌تی ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له کۆتایی ئه‌م خوله له دانووستانه‌کاندا که بڕیار بوو به ڕێککه‌وتنێکی سیاسی بگه‌ن، به ده‌ستی به‌تاڵ بگه‌ڕابانه‌وه بۆ پێته‌خته‌کانی خۆیان به دڵنیاییه‌وه، ڕه‌وتی دانووستانه‌کان به‌ره‌و ئاقارێکی دیکه ده‌ڕۆیشت. چونکوو کۆماریخوازه‌کانی سه‌نا و کۆنگرێسی ئه‌مریکا به وردی به‌دواداچوونی وتووێژه‌کانی لۆزانیان ده‌کرد و چاوه‌ڕوانی ئه‌وه بوون که له ئه‌گه‌ری به بنبه‌ست گه‌یشتن و شکستی دانووستانه‌کان ده‌سبه‌جێ گه‌مارۆکانی سه‌ر ئێران توندتر بکه‌نه‌وه. له‌م لاشه‌وه کاربه‌ده‌ستانی توندئاژۆی کۆماری ئیسلامی و به تایبه‌تی لاینگرانی ڕێبه‌ری ڕێژیم چاوه‌ڕوانی ئه‌وه بوون که تیمی دانووستانکاری ئێرانی هێڵه سووره‌کانی ڕێژیم نه‌به‌زێنێ و به ده‌ستێکی پڕه‌وه بگه‌ڕێته‌وه بۆ ئێران و به‌ڵێنی لابردنی هه‌موو گه‌مارۆکانیان له گیرفاندا بێت. بابه‌تێ که تیمی دانووستانکاری ئێران هه‌رگیز نه‌یتوانی وه‌دی بێنێ و له ئه‌نجامی ئه‌و دانووستانانه‌دا جگه له یه‌ك خاڵ که ئه‌ویش گۆڕینی ناوی «ڕێککه‌وتنی سیاسی» بۆ «ڕاگه‌یه‌نراوی لێکتێگه‌یشتن» بوو، به دڵنیاییه‌وه هه‌موو هێڵه سووره‌کانی ڕێژیمیان به‌زاند و به بێ ئه‌ملا و ئه‌ولا ده‌توانین بڵێین له ئه‌نجامی گوشاره‌کانی ڕۆژئاوا و ئه‌مریکا بۆ سه‌ر ئێران له دۆسیه‌ی ناوکی ئه‌م وڵاته‌دا، ڕێژیمی ئێران به چۆکدا هات و به ناچار و بۆ گه‌ره‌نتی کردنی به‌قا و مانه‌وه‌ی خۆی ده‌ستی له به‌رزه‌فڕییه ناوکییه‌کانی خۆی هه‌ڵگرتوه. هه‌رچه‌ند کاربه‌ده‌ستانی کۆماری ئیسلامی و لاینگرانی سه‌رۆك کۆماری ئه‌و وڵاته به هه‌موو شێوه‌یه‌ك له هه‌وڵی ئه‌وه‌دان که ڕاستییه‌کان به لاڕێدا ببه‌ن و وا پیشان بده‌ن که کۆماری ئیسلامی براوه‌ی ئه‌م خوله له دانووستانه‌کانی لۆزان بووه.

به‌ڵام له ڕاستیدا به به‌راوه‌رد کردنی ده‌قی ڕاگه‌یه‌نراوی وزاره‌تی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا و ده‌قه نافه‌رمییه‌کانی کۆماری ئیسلامی، بۆ هه‌مووان ڕوون ده‌بێته‌وه که چه‌نده جیاوازیی هه‌یه له نێوان ئه‌و دوو ده‌قه‌ی که بڵاو بووه‌ته‌وه. ڕه‌نگه هه‌ندێ که‌س پێیان وابێ که لایه‌نی ئه‌مریکاییش بۆ ڕازیی کردنی کۆماریخوازه‌کان و پێش گرتن به په‌سه‌ند کردنی بڕیاری نوێی دژه ئێران، جۆرێك ده‌قی ڕاگه‌یه‌نراوه‌که‌ی ڕێکخستووه که زاری کۆماریخوازه‌کان ببه‌ستن. له‌م لاشه‌وه تیمی زه‌ریف و لاینگرانی ڕووحانی به شێوه‌یه‌ك ده‌قی ڕاگه‌یه‌نراوه‌که‌یان نووسیوه که بتوانن باڵه توندڕه‌وه‌که‌ی ڕێژیم بێده‌نگ بکه‌ن. هه‌ڵبه‌ت بێ گومان ڕه‌نگه له هه‌نگاوی یه‌که‌مدا بتوانن بۆ ماوه‌ی چه‌ن ڕۆژێ له‌م کاره‌دا سه‌رکه‌وتوو بن به‌ڵام به ته‌ئکید پاش ماوه‌ی چه‌ن ڕۆژێ که هه‌موو لایه‌نه‌کانی لێکتێگه‌یشتنه‌که بۆ بیروڕای گشتی ڕوون ده‌بێته‌وه، ئه‌وده‌م ده‌نگی ناڕزایان له هه‌ر دوو لا به‌رز ده‌بێته‌وه. هه‌رچه‌ند وێناچێ ده‌قه ڕاگه‌یه‌نراوه‌که‌ی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا درۆی تێدا بێت چونکوو ئه‌وان ناچارن زۆر به ڕوونی بۆ به‌رگریی کردن له حیزبه‌که‌یان و هه‌روه‌ها ڕازیی کردنی کۆماریخوازه‌کان تا شوێنێ که بۆیان ده‌لوێ باسی ڕاستییه‌کان بکه‌ن. به‌ڵام به داخه‌وه لایه‌نی ئێرانی به هۆی هه‌ندێ هۆکاری نێوخۆیی که باس کردنیان ئه‌رکی ئه‌م بابه‌ته نییه، له باتی درکاندنی ڕاستییه‌کان په‌نا ده‌بن بۆ چه‌واشه‌کاری و ئه‌م کاره‌ش ڕه‌نگه له کورتخایه‌ندا بتوانێ له باری ڕاگه‌یه‌ندنییه‌وه کاریگه‌ری ئه‌رێنی بێ بۆیان به‌ڵام به دڵنیایی له درێژخایه‌ندا و پاش ڕوونبوونه‌وه‌ی لایه‌نه‌کانی لێکتێگه‌یشتنه‌که ده‌بێته هۆی سه‌رهه‌ڵدانی ناڕه‌زایی گشتی هه‌م له نێوخۆی کاربه‌ده‌ستانی ڕێژیمدا و هه‌م له نێو کۆمه‌ڵانی خه‌ڵکدا که به‌شێکیان له‌م لێکتێگه‌یشتنه شاگه‌شکه بوون و پێیان وایه که به‌مشێوه کێشه‌کانیان چاره‌سه‌ر ده‌بێت و یه‌ك ڕۆژه بارودۆخی ژیانیان به‌ره‌و باشه گۆڕانی به‌سه‌ردا دێت.

چونکوو کاتێ ١٣ مانگ له‌مه‌وپێش بۆ یه‌که‌مجار وڵاتانی ٥+١و ئێران له‌سه‌ر دۆسیه‌ی ناوکی کۆماری ئیسلامی ڕێککه‌وتن، جه‌وادی زه‌ریف و تیمه‌که‌ی کردیان به هه‌ڵا که ده‌سکه‌وتێکی مه‌زنیان به‌ده‌ست هێناوه به‌ڵام هه‌مووی چه‌ن ڕۆژی نه‌خایاند که خودی خامنه‌یی هاته جواب و وه‌ك ڕه‌خنه‌گرێ، ڕه‌خنه‌ی له دانووستانه‌کان و وتووێژه‌کان گرت. بۆیه وێده‌چێ له چه‌ن ڕۆژی داهاتوودا پاش ئاشکرا بوونی نێوه‌ڕۆکی سه‌ره‌کی لێکتێگه‌یشتنه‌که تیمه‌که‌ی زه‌ریف و لاینگرانی ڕووحانی بکه‌ونه به‌ر ڕه‌خنه‌ی باڵی توندڕه‌وی ڕێژیم و به بیانووی ئه‌وه‌یکه هه‌موو هێڵه سووره‌کانی ڕێژیم به‌زاوه و سه‌روه‌ری ڕێژیم چووه‌ته ژێر پرسیاره‌وه، کۆسپ و ته‌گه‌ره بۆ گه‌یشتن به ڕێککه‌وتنی کۆتایی ساز ببێت.

به پێی لێکتێگه‌یشتنه‌که ئێران ده‌بێ له ماوه‌ی ١٠ بۆ ١٥ ساڵی داهاتوو به‌شێکی به‌رچاو له چالاکییه ناوکییه‌کانی ڕابگرێ و ته‌نیا له ئاستی ٣،٦٧٪دا ئۆرانیۆم بپیتێنێ. پاشه‌که‌وتی ئۆرانیۆمی ئێران له ١٠٠٠٠ کیلۆگرامه‌وه ده‌بێ دابه‌زێ بۆ ٣٠٠ کیلۆ گرام ئه‌ویش به خه‌ستی ٣،٦٧٪ و به‌پێی ڕێککه‌ونه‌که ئێران ده‌توانێ له کۆی ١٩٠٠٠ سانتریفیوژی خۆی ببێته خاوه‌نی ٥٠٦٠، بۆ ماوه‌ی ١٠ ساڵ، ئه‌ویش له جۆری «ئای ئار ١» که کۆنترین جۆری سانتریفیوژه و له ڕاستیدا هیچ قازانجێکی بۆ ئێران نییه. هه‌روه‌ها کۆماری ئیسلامی له‌م پێناوه‌دا ده‌بێ کۆمه‌ڵێ خاڵ په‌یڕه‌و بکات که به هه‌موو شێوه‌یك له دژایه‌تی له‌گه‌ڵ قسه ڕواڵه‌تییه‌کانی خامنه‌ییدایه و به هه‌موو شێوه‌یه‌ك نه‌ك ته‌نیا هێڵه سووره‌کانی ڕێژیمیان به‌زاندووه به‌ڵکوو له ڕووی ناچارییه‌وه چۆکیشیان بۆ ئه‌مریکا داداوه.

چونکوو خامنه‌یی له هێڵه سووره‌کانیدا باسی ئه‌وه‌ی ده‌کرد که ئێران پێویستی به ١٨٠٠٠٠ سووه ئه‌ویش له جۆره پێشکه‌وتووه‌که‌ی، که به پێی ده‌قی ڕاگه‌یه‌نراوه‌که‌ی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا ئێران ته‌نیا ده‌توانێ له ٥٠٦٠ سانتریفیوژ که‌ڵك وه‌ربگرێ ئه‌ویش له جۆره کۆنه‌که‌ی. جگه له‌مه هه‌ر ئێستا به ده‌رکردنی ده‌قی ئه‌م ڕاگه‌یه‌نراوه ده‌رکه‌وت که ڕێککه‌وتنه‌که دوو قۆناغی بووه و ئه‌مه‌ش ڕێك به پێچه‌وانه‌ی لێدوانه ڕواڵه‌تییه‌کانی خامنه‌ییه که داواکار بوو که ڕێکه‌وتنه‌که به هه‌موو ورده‌کارییه‌کانییه‌وه له یه‌ك قۆناغدا به ئه‌نجام بگات. ئێران سوور بوو له‌سه‌ر ئه‌وه که دامه‌زراوه ناوکییه‌کانی وه‌ك خۆی بپارێزێ، به‌ڵام له ئه‌گه‌ری ڕێککه‌وتنه‌که‌دا جگه له دامه‌زراوه‌ی نه‌ته‌نز که ڕه‌نگه وه‌ك خۆی و له ژێر چاوه‌دێری توندی ڕێکخراوی وزه‌ی ناوکیدا له مقیاسێکی که‌مدا خه‌ریکی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٣،٦٧٪ بێت، دامه‌زراوه ناوکییه‌کانی دیکه هه‌موویان گۆڕانیان به‌سه‌ردا دێت و به شێوه‌یه‌ك له شێوه‌کان چیدیکه بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی پیشه‌یی نابن. به تایبه‌ت دوو بنکه‌ی فۆردۆ و دامه‌زاروه‌کانی ئاوی قورسی ئه‌راك. به‌م پێیه زۆر به ئاشکرا ده‌رده‌که‌وێت که هه‌موو هێڵه سووره‌کانی ڕێژیم به‌زاوه و ئێران به پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌یکه بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌کات، براوه‌ی ئه‌م دانووستانانه نییه و له ڕاستیدا دۆڕاو و زه‌ره‌رمه‌ندی سه‌ره‌کی ئه‌م وتووێژانه‌یه.

هه‌رچه‌ند ئێستا زۆر زووه که له‌سه‌ر خودی ڕێککه‌وتنه‌که قسه بکه‌ین چونکوو هه‌روه‌ك له سه‌ره‌تاشدا هێمامان بۆ کرد، گه‌یشتن به ڕێککه‌وتنی کۆتایی ئه‌سته‌م دێته پێش چاو و وێناچێ لاینه‌کانی ده‌سه‌ڵات له ئێران و ته‌نانه‌ت ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکاش هه‌روا به ئاسانی ڕێگه بده‌ن که تیمه‌که‌ی زه‌ریف و جان کێری به ئه‌نجام بگه‌یه‌ن. به‌ڵام له هه‌ر حاڵدا ده‌بێ له ماوه‌ی سێ مانگی داهاتوودا چاوه‌ڕوان بین تا بزانین ئه‌م پرۆسه‌یه چی به‌سه‌ردا دێت و له ئه‌نجامدا ڕێککه‌وتنی ناوکیی کۆتایی نێوان کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ٥+١به‌ره‌و چ ئاقارێ ده‌ڕوات. ئه‌ویش به له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌وه‌یکه هه‌موو هێڵه سووره‌کانی ڕێژیم که له لایه‌ن ڕێبه‌ری ڕێژیمه دارێژرابوو به‌زێندراوه و له به‌رامبه‌ریشدا نه ته‌نیا هه‌موو گه‌مارۆکانی سه‌ر ئێران به یه‌ك ڕۆژ و به‌جارێ هه‌ڵناوه‌شێته‌وه به‌ڵکوو ته‌نیا ئه‌و گه‌مارۆیانه‌ی که تایبه‌ته به پرسی ناوکییه، بۆ ماوه‌ی ١٠ تا ١٥ ساڵ به‌ره به‌ره هه‌ڵده‌په‌سێندرێن و پاش ماوه‌یه‌ك که هێشتا ڕوون نییه چه‌ند ده‌خایه‌نێ و سه‌لماندنی ئه‌و بابه‌ته‌ی که ئێران به ته‌واوی ده‌ستی له به‌رزه‌فڕییه ناوکییه‌کان و دروست کردنی بۆمبی ئه‌تۆم هه‌ڵگرتووه له‌سه‌ر ئێران لا ده‌بردرێن ئه‌ویش نه‌ك بۆ هه‌تاهه‌تایه به‌ڵکوو تا ئه‌و کاته‌ی که ئێران پابه‌ند بێ به ڕێککه‌وتنه‌که‌وه.

> **به بێ ئه‌ملا و ئه‌ولا ده‌توانین بڵێین له ئه‌نجامی گوشاره‌کانی ڕۆژئاوا و ئه‌مریکا بۆ سه‌ر ئێران له دۆسیه‌ی ناوکی ئه‌م وڵاته‌دا، ڕێژیمی ئێران به چۆکدا هات**



# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



بەڕێز تاهیر مەحموودی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!
ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان!

ئەمرۆ ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە. ڕۆژی یادکردنەوە لەو ڕۆڵە بوێر و فیداکارانەیە کە بیری ئازادیخوازی و نیشتمان پەروەری، ڕێگای خەبات و خۆڕاگری پیشاندان. ڕۆژی ڕێزگرتن و ئەمەگناسی دەربڕین بەرانبەر بەو گیان بەخشانەیە کە بۆ ئاسوودەیی و بەختەوەری و بە ئازادی ژیانی نەتەوەکەیان و بۆ بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان، ژیانی ئاسایی خۆیان وەلانا و خۆبەختکەریی و گیانفیداییان گەیاندە لووتکەی بەرزی خۆی و بە بەخشینی گیان و خوێن و ژیانی خۆیان لە پێناو ئاوات و ئامانجەکانی کورددا سەریان نایەوە و بوونە ڕەمزی خەبات و خۆڕاگری و، بە خوێنی خۆیان بەڵگەی نەتەوەیی بوون و ڕەوایی مافەکانی کوردیان مۆر کرد. بۆیە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش وەک وەفاداری بە ئاوات وئامانجەکانیان لە بەرانبەر ئەو بەخشینە گەورەیەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکیان دادەنوێنن.

خەباتی نەتەوەی کورد بە بەرینی خاکی کوردستانە و بست بە بستی ئەو خاکەش شوێنی لە ئامێزگرتنی شەهیدێکە. بۆیە هەموو شوێنی کوردستان شوێنی شەهیدان و هەموو ڕۆژی ساڵ و ساڵەکان ڕۆژی وەفاداری دەربڕین و ئەمەگناسی بەرانبەر بە شەهیدان و پێڕاگەیشتن و ڕێزگرتن لە بنەماڵەکانیانە.

بەم حاڵەش بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ساڵدا وەک ڕۆژی شەهیدان دیاری بکرێ و لەو ڕۆژەدا یادی سەرجەم شەهیدان بکرێتەوە و ئەمەگناسی ڕۆڵەکانی کورد بە شێوەیەکی تێکڕایی بۆ شەهیدان دووپات بێتەوە، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدرانی پێشەوای کورد قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و یەکەم سەرکۆماری کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دیاری کراوە.

هەر بۆیە ئەمساڵیش لەو موناسبەتەدا بە کۆبوونەوە یا بە شێوەی جۆراوجۆری دیکە یادی شەهیدان دەکەینەوە و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی و مافی نەتەوایەتی لە کوردستان

**خەباتی نەتەوەی کورد بە بەرینی خاکی کوردستانە و بست بە بستی ئەو خاکەش شوێنی لە ئامێزگرتنی شەهیدێکە**

و بەڵێنیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە درێژەدەری ڕێبازی پیرۆزی بە ئاوات گەیشتنیان بین و بە ئامانجەکانیان وەفادار بمێنینەوە و ڕێز لە بنەماڵەی بەڕێزیان وەک یادگاری ئەو شەهیدانە بگرین. هەر لەو موناسبەتەدا ئامۆژگارییەکانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەبیر و مێشکماندا تاوتوێ بکەینەوە و بەرگری کردنی پێشەوا لە دادگا فەرمایشییەکەی ڕێژیمی شادا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بەهێز لە سەلماندنی ڕێبازی بە حەقی کورد و پێشەوا و ڕەوایی مافی نەتەوایەتی کورد و ئازادی و بەها مرۆییەکانی ئەو نەتەوەیە بخەینە بەرچاو و بیکەینە ڕەمزی بەردەوامی لە خەبات و پێداگری لەسەر مافەکانمان.

شانازییە بۆ خەڵک و ڕێبەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هیچ کام لە ڕێبەرانی بە مەرگی سروشتی کۆچی دواییان نەکردووە، بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە پیلانی کوشتنیان بۆ دانراوە و بە شێوەیەکی ناجوامێرانە شەهید کراون.

ئەو ڕاستییە باش دەزانین کە پێشەوای مەزن، لە کاتی گیرانیدا پێویستی بە پارێزەر نەبوو، لە دوا دیفاعی خۆیدا بە ڕاشکاوی وتوویەتی: وا تێمەگەن کە من لە یاساکانی ئێوە ئاگادار نیم، بە تەواوی دەمزانی بەرلەوەی ئەرتەش مەهاباد داگیر بکاتەوە پێش بینیم کردبوو کە لە سێدارە دەدرێم، هەر کات و ساتێکیش ویستبام دەمتوانی هەڵێم و خۆم ڕزگار بکەم. بەڵام بزانن من کەسێ نەبووم کە لە وەختی مەترسیدا هەڵێم. بۆ کوێ چووبام؟ ئێرە سەرزەمینی کوردستانە، نیشتمانی پیرۆزمە و گۆڕی هەشت پشت لە باب و باپیرانم دەناسم.

ئەم ووتە زێڕینانە، لە دەمی ڕێبەرێک هاتوونە دەر کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی بۆ سەرکۆماریدا بە قورئانی پیرۆز و ئاڵای کوردستان و شەرەفی خۆی سوێندی خوارد کە تا دوا هەناسەی ژیانی گەلەکەی بەجێ نەهێڵێ و بە گیان و ماڵ پێشمەرگەی فیداکاری کوردو کوردستان بێ.

١٠ی خاکەلێوەی ئەمساڵ لە حاڵێکدا یادی شەهیدان بەڕێزەوە دەکەینەوە و ئەمەگناسیمان بەرانبەر فیداکاریەکانیان دەردەبڕینەوە کە کوردستان و نەتەوەی کورد لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان لە بێ مافیدا ڕاگیراون و سەرکوت و ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی ڕۆلەکانی نەتەوەی کورد بە تاوانی مافخوازی لە لایەن ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بە تایبەتی دەسەڵاتی جەهەننەمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا درێژەی هەیە، دیاردەی دزێوی تیرۆریزمیش کە هەرگیز بەرۆکی کوردی بەرنەداوە و ڕێبەرانێ وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و سەدان ڕۆڵەی دیکەی لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە باوەشی کورد دەرهێناوە، تیرۆریزمی داعشیش بەرۆکی بە کورد لە کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ئاشکراتر و بەرینێکی بەرچاوتر گرتووە، تیرۆریزمی دەوڵەتی جیانەکراوە لە نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیش لە شێوەی جۆراوجۆردا، داعش ئاسا لە جیگای خۆیەتی و بە گشتی نەتەوەی کوردیان لە هەلومەرجێکی دژوارتردا داناوە. بەڵام بە خۆشیەوە ئامۆژگارییەکانی پێشەوای

**پێشەوای کوردان، دەردی کۆمەڵانی گەلی کورد دەست نیشان دەکا و کلیلی دەرگای بەختەوەرییان پێ دەدا.**

نەمر قازی محەممەد یانی یەکگرتوویی کورد بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و دەرباز بوون لە هەلوومەرجی دژورا بە شێوەیەکی شیاو ڕەچاو دەکرێ و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە خەبات دژی ئەم تیرۆریزمەدا بە جۆرێک سەرکەوتوو بوون کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبووە، هەرچەند کاروانی شەهیدانی کوردی زیاتر و بە ئەژمارتر کردووە.

بۆیە لەو موناسبەتەدا ڕێز دەگرین لە خۆڕاگری ڕۆڵەکانی کورد لە شەڕی دژی تیرۆریستان و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە خۆیان فیدای پاراستنی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد کردووە.

بەشدارانی بەڕێزی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان!

ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە، کە لەم ڕۆژەدا بە سەردان لە بنەماڵەی شەهیدان بە دانانی چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری شەهیدان بە پێکهێنانی ڕێوڕەسمی یادکردنەوە و ئەمەگناسی دەربڕین بەرانبەر بە شەهیدان هەستی گەل دۆستی و کوردپەروەرانەی خۆیان بە جۆرێک نیشان بدەن کە شیاوی ئازیزانی لەدەست چوومان بن. هەر بەو ڕۆژەشی بەرتەسک نەکەینەوە و لە هەموو ڕۆژانی ساڵدا، پێڕاگەیشتن و پێگەیاندنی یادگارەکانی شەهیدان، یانی ڕۆڵەکانی ئەو شەهیدانە بە ئەرکی خۆمان بزانین و ڕێگا نەدەین ڕەوتی ژیانیان لە بێ نازیدا تێپەڕ بکەن.

پێشەوای کوردان، دەردی کۆمەڵانی گەلی کورد دەست نیشان دەکا و کلیلی دەرگای بەختەوەری یان پێ دەدا. هەروەها خوێندن و مەدرەسە دروست کردن، زاناو شارەزا و پسپۆر پەروەردە کردن، نەخۆشی لەش و دەروون لابردن، برینی دووبەرەکی و ئاکاری خراپە سارێژ کردن و یەکیەتیی و برایەتی و کوردایەتی ڕەچاو کردن، لە دەرسەکانی سەرکۆماری شەهیدمانن.

لەو ڕۆژەدا جارێکی دیکە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بۆ گیانی پاکی پێشەوای نەمر قازی محەممەد سەرقافڵەی شەهیدان و هاوڕێیانی سەیفی قازی و سەدری قازی.

وەدیبێ ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدان.

سەرکەوتوو بێ خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی، مافی نەتەوایەتی و دادپەروەری و یەکسانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی
١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٤ی هەتاوی

## ڕۆژەڤ

### ئێران زۆرترین گرینگی هەیە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «نیویۆرک» تایمز لە ڕۆژی ٣١ی سێپتەمبردا، وتارێکی لە ژێر ناوی «ئێران زۆرترین گرینگی هەیە» بە قەڵەمی «ڕاگێر کۆهێن» بڵاو کردەوە. نووسەر وتارەکەی بە دوو ڕستە دەست پێکردووە کە پێی وایە پێویستە لە هەموو ئامانجێك بە گرینگترین بەقەڵەم بدرێن کە بریتین لە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و شکستدانی داعش. ناوبراو بەگشتی ناکامییەکانی ئەمریکا لە ناوچە دەکاتە بیانوویەك بۆ بە باشزانینی وەها ڕێککەوتنێك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پێی وایە بەرژەوەندیی ئەمریکا لەوەدایە. لە پاراگرافی سەرەتادا نووسیویەتی: «ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران ئەنجام بدەن. شکست بە تاڵانی بەربەرییانەی حکومەتی ئیسلامی بێنن. لە ترس و تۆقینی لەتلەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەمانە دەبێ ئەولەوییەتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بن.»

نووسەر لە چەند پاراگرافی دواتردا باسی ئەوە دەکات کە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستا باشترین بەربژارە لە بەردەم ڕۆژئاوا کە بتوانێ ئەو ڕێژیمە ئەوەندەی دەکرێ لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دوور بخاتەوە و بەربژارەکانی دیکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لە بەشێکی دیکەدا دەنووسێ: «داخوا ئەوە باش دەبێ کە ئێران ئەو توانایییە ناوکییەی نەبێ کە خوازیاری بووە؟ بە دڵنیاییەوە. دەکرێ گەرەنتییەکی تەواو بدرێ کە ڕێککەوتنێك ڕێزی لێدەگیرێ؟ نا. بەڵکوو بە دیپلۆماسی لەگەڵ جیهانێکی ڕاستەقینەدا ڕێککەوتن دەکات. گرنگترین و دژوارترین دیپلۆماسی لەگەڵ دوژمنان دەکرێ. دژبەرانی ڕێککەوتن هیچ جێگرەوەیەکی جیدییان نەخستووەتە ڕوو».

لە بەشێکی دیکەدا دەڵێ هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەکە نابێ پێیان وابێ ڕێککەوتن لەسەر حەسێبی ئەوان دەکرێ و پێویستە ئەوەیان بۆ دووپات بکرێتەوە.

دواتر دەنووسێ: «ئەمریکا ناتوانێ پێش بەو ناکۆکییە توندەی شیعە ـ سوننی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگرێ کە هێرشکردنی بۆ سەر عێراق زیاتری کرد. ناتوانێ نەزمی سایکس ـ پیکۆ دامەزرێنێتەوە، یان ئەو سنوورانە ڕێك بخاتەوە کە لەگەڵی هاتووە. ناتوانێ ناکامییەکەی لە پێشگرتن بە خراپترنەبوونی بارودۆخی سووریە (کە بۆ هەمیشە بەرنامە شاراوەکانی ئۆباما دادەشارێ) هەڵبگەڕێنێتەوە، یان ناکامییەکانی لە تونس و بەتایبەتی میسر لە پێناو پاراستن و گەشەپێدانی هیوای بەهاری عەرەبی بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر کۆمەڵگاگەلێك بن بەدەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی پاراڵێل (و بەهێزکردنی دووسەرە)ی دیکتاتۆرییەت و ئیسلامگەرایی. ناتوانێ پێش بەو توندوتیژییە بگرێ کە بەشێکن لە سەرجەم ئەم وڵاتە پەرەئەستێنانە. ناشبێ چاوەکانی بەرامبەر ئەو ڕاستییە بنووقێنێ کە ئەو توندوتیژییە لانیکەم نەوەیەك دەکاتە قوربانی». لە دوایین پاراگرافدا دەنووسێ: «ئەمە نابێتە هۆی هیوابڕاوی بەڵکوو هۆکارێکە بۆ تەرکیزکردنی زیاتر لەسەر ئەو دوو ئامانجە کە جێگای دەستپێڕاگەیشتنن و لە ئێستادا لە هەموو شتێك گرنگترن».

سەرچاوە
Newyorktimes.com

# کێبەرکێی ئێران و سعوودی لە یەمەن

و: کەیهان یووسفی

**ماڵپەڕی ئینگلیزی زمانی stratfor.com ئانالیزێکی لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یەمەن بڵاو کردۆتەوە کە دەقی وەرگێڕانەکەی لە خوارەوە دێت.**

**پێشەکی**

لە ڕەوتی تێکۆشانی بزووتنەوەی حووسیەکان بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ناوچە جۆراوجۆرە پڕ پێکۆڵەکانی باکوور، دەسەڵاتی ئەوان لە یەمەن زۆرتر بوو و ئەمەش بووە هۆی پاشەکشەی عەرەبستان لە ناوچەی باشوور. دوای کەوتنی حکوومەتی یەمەن، ڕیاز دەیهەویست بە پشتیوانیکردن لە پێداویستیە ماددی و سیاسیەکانی حووسیەکان، ئەوان وەکوو سەرمایەیەك بۆ دیسانەوە بنیات نانەوەی شوێندانەری خۆی لەم وڵاتە بە کار بێنێت. بەڵام بە هۆی ئەوەیکە ئێرانیش لە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەدا بوو، یەمەن بووە گۆڕەپانێکی دیکەی شەڕ کە ئەم دوو ڕکابەرە فیرقەییە بیانهەوێت لەوێ بە دژی ئەوی دیکە شەڕ بکەن.

**ئانالیز**

دوای کەوتنی سەنعا، پێتەختی یەمەن لە مانگی سێپتامبێردا، حکوومەتی ئەم وڵاتە کەوتە نێو گێژاوی شەڕێکی نێوخۆیی دیکە. سەرۆك کۆمار عابید ڕابووح مەنسوور هادی لە لێداونێکدا ڕۆژی ١٩ی مانگی مارس ، هێرشە ئاسمانیەکان بۆ سەر دەوروبەری شاری عەدەنی وەکوو هەوڵدان بۆ کوودێتای سەربازی لە لایەن هێزەکانی وەفادار بە سەرۆك کۆماری پێشوو «عەلی عەبدوڵڵا ساڵح» و هاوپەیمانە هەنووکەییەکانی زانی. سەرباز و میلیشیا وەفادارەکان بە مەنسوور هادی لە دەروازەی هاتنە ناوەوەی فرۆکەخانەی عەدەن و نزیکی پێگەیەکی سەبازی شەڕیان کردبوو، بەڵام ئەم دوو شوێنە کەوتە ژێردەست هێزەکانی ژنراڵ عەبدوڵحافاز ئەلسەقەفیی وەفادار بە عەلی ساڵح.

شەڕ و دەرگیری لە عەدەن دوای هاتنی ئەنسارولله، گرووپی زەیدی لایەنگری ئێران کە لە لایەن عبدالمالك الحوسیەوە ڕێبەری دەکرێت، هاتە ئاراوە.

هێزێك کە دوای کونترۆڵکردنی بەشێك لە خاکی باکوور و ناوەندی یەمەن، وەکوو بە هێزترین هێزی سەربازی ئەم وڵاتە خۆی نیشان دا.

دەرکەوتنی حووسیەکان باڵانسی هێزی لە یەمەن و تەنانەت لە نیمچە دوورگەی عەرەبی گۆڕی و دەرگایەکی بە ڕووی ئێراندا کردەوە تا ببێتە ئەکتەرێکی بە هێز لە شوێنێك کە ناوچەی حوکمڕانی تایبەتی عەرەبستان بووە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا نەیتوانیبوو لەوێ حزوور پەیدا بکات.

سەرهەڵدانی حووسیەکان

چەندین فاکتۆر بوونی هەیە کە بوونەتە هۆی بەهێزبوونی حووسیەکان لە یەمەندا. یەکەم هەوڵەکانی سعوودی کە ساڵحی لە سەر کورسی دەسەڵات لابرد و جێگری ئەوکاتی سەرۆك کۆمار، مەنسوور هادی لە شوێنی دانا. بەڵام ئەم کارە کەلێنە عەشیرەیی، ئایدۆلۆژیکی و سەربازییەکانی چەن قات کردەوە. کاتێك هادی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، مێتۆدی ڕیاز لە کایەی نێوان لایەنە جیاوازەکانی دژبەیەك، مانەوەی سیستمی کۆن بوو، خاڵێك کە حووسیەکان توانیان لەوێ قازانج وەربگرن و بە ڕێکخستن و خستنە پاڵ یەکی عەشیرەکان گوشارەکان لە پێگەی بە هێزی خۆیان لە باکوورەوە بۆ ناوچەکانی دیکەش زۆرتر بکەن و بەرەو ناوچەکانی باشووری سەنعا پێشڕەوی بکەن.

عەرەبستانی سعوودی خاوەن مێژوویەکی درێژە لە دەستێوەردان لە یەمەندا و تەرکیزی خستبووە سەر بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەلقاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا ، ڕیاز ئاسۆی گەشەکردنی خۆی لە یەمەندا لە دەست دا و ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە سعوودی تەرکیزی خستبۆوە سەر ناوچەکانی دیکەی شەڕ.

عەرەبستانی سعوودی هەوڵێکی زۆری بۆ پێشگیری لە شڵەژاوی لە ناوچەکە دوای کاریگەرییەکانی بەهار عەرەبی دا، بە تایبەت هەڕەشەکانی گرووپە جیهادییە یان نەتەوەییەکان وەکوو دەوڵەتی ئیسلامی . هەروەها داگیرکردنی بەحرەین بۆ پشتیوانی لە حکوومەتی پاشایەتی بەستراوە بە سعوودی لەم وڵاتە و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی دێموکراتیکی زۆرینەی شیعەی یەمەن. واش نەبوو کە سعوودی ئاوڕێکی وەهای لە یەمەن نەدابێتەوە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەشی نەدەکرد کە ئێران بتوانێت ناوچەیەك لە نزیکی سنوورەکانی و لە ڕێگەی بزووتنەوەیەك کە نەك شیعەیەکی نەریتی بەڵکوو ئایدۆلۆژییەکی نزیك بە ئیسلامی سوننەی هەیە، وەدەست بێنێت.

هەروەها عەرەبستانی سعوودی بەڕادەی پێویست پێشگیری لە گەڕانەوەی عەلی ساڵح بۆ سەنعا نەکرد، شوێنێك کە ئەو دەیتوانی پلانێك دژی ئەو شتەی کە هەستی دەکرد ئەو لە بەرانبەر لە دەستدانی دەسەڵات و گەڕانەوەی بۆ سەر کورسی دەسەڵات، کردەیی بکات.

پلانی ناوبراو لاواز کردنی حکوومەتی یەمەن و دابەزاندنی توانایی حکوومەت بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ سەرهەڵدانی حووسیەکان بوو. لە کۆتاییدا ئاشکرا بوو کە حووسیەکان لە شەڕ و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ هێزەکانی سەر سنووری سعوودی لە ساڵی ٢٠٠٩دا بە باشی ئەزموونیان وەرگرتووە. هەنووکە حووسیەکان بە پارێزەوە و ئاشکرا لە هەرچەشنە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە گەڵ هێزەکانی سعوودی بە درێژایی سنوورکان خۆیان دەبوێرن و لە جیاتی ئەوە چڕبوونەتەوە سەر دۆخی نێوخۆی یەمەن.

ئەوان خەریکی پتەوکردنی دەسەڵاتی لە حاڵی بەرزبوونەوەی خۆیاندان و ئەو دەسەڵاتە فراونتر دەکەن و ئەو گرووپانەی کە ڕەنگە دژی ئەوان بن، لاواز دەکەن.

ستراتژییەك کە دەرخەری ئەوەیە کە لە سەری کار کراوە. سعوودیەکان تەرکیزیان کردبووە سەر تێکهەڵچوونەکان و شەڕەکان لە باکوور و هیچ پەرچەکردارێکیان بە نیسبەت ئەو توند و تیژییانەی کە بە هۆی گۆڕینی دەسەڵاتەوە لە یەمەن هاتبووە ئاراوە نەبوو، هەنووکە بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان زۆر درەنگە ـ لانیکەم لە کورت ماوەدا ـ ڕیاز توانایی سەربازی پێویستی بۆ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە یەمەندا نیە و دەبێت قبووڵ بکەین کە ئەم وڵاتە وەکوو بەحرین نییە.

هەروەها لایەنە سیاسیە جۆراوجۆرەکان کە پێشتر بە کارهێنرا بوون و لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە شوێندانەر بوون، هەنووکە دەسەڵاتێکی هاوشێوەیان نیە و یەکگرتوو نین و هەرچەشنە هەوڵدانێك لە لایەن ئەوانەوە ناتوانێت کاریگەرییەکی ئەو تۆی هەبێت.

تەنانەت ئەگەریش ئەمە مانای دووبەرەکیٚ نانەوە و جیاکردنەوە بێت، بە گشتی دیار نیە کە ئایا سعوودی دەیهەوێت وەها کارێك بکات یاکوو نا. وێناچێت کە حووسیەکان هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر سعوودی بن، بە پێچەوانەوە کۆنترۆڵکردنی گشت ناوچەکانی باکوور و ناوەندی یەمەن لە لایەن حووسیەکانەوە، عەرەبستان لە بشێوی لە ناوچەکانی دیکە و بە تایبەت لە ئەلقاعیدە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی کە هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارترە



دوور دەخاتەوە. سعوودیەکان پێیان باشە کە حووسیەکان لە سنوورەکانی باشووری ئەواندا بوونیان هەبێت لە جیاتی ئەوەی کە دەسەڵاتێکی جیهادی کە زۆر توند و تیژترە لە وێ هەبێت. لە حاڵێکدا کە سعوودیەکان پێیان باشە کە حووسیەکان کونترۆڵی بەشێکی بەرچاوی خاکی یەمەن بکەن، هەلومەرجێك کە وێدەچێت باشترین بەرەنجامی بە دواوە هەبێت، ئەم هەلومەرج و هەڵکەوتە شوێنێکە کە گشت لایەنەکانی خراپتر لە حووسیەکانن نەتوانن بە درووستکردنی گوشار بەرەو باکوور پێشڕەوی بکەن.

**پۆتانسیڵی بشێوی و ئاژاوەنانەوە لە سەر سنوورەکان**

تەنانەت ئەگەر حووسیەکان بڕیاریان دابێت کە ڕێباز و ئامانجی خۆیان بگۆڕن، سعوودی دەیهەوێت توانایی بەرگری کردنی لە خۆی هەبێت، سنوورەکان پێشتر پەرچینی بەرگرییان هەبوو ـ هەرچەن شتێك زیاتر لە کاناڵی زیخ نەبوو ـ و بە کەرەستەگەلێك لەو شوێنانە و بە درێژایی سنوورەکان چاودێری دەکران. سەرەڕای ئەمەش میلیشیاکانی زێدی توانایی ئەوەیان هەبوو کە ساڵی ٢٠٠٩ دزە بکەنە ناو سنوورەکانەوە، بەڵام ئەوان نەیانتوانی کارێکی وەها ئەنجام بدەن و نەیانتوانی لە شاخەکان تێپەڕن. سوپای سعوودی توانی ئەوان لە شاخەکان ڕاگرێت و بە کەڵك وەرگرتن لە هێرشی ئاسمانی لە ناویان ببات.

بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەم سنوورانە لە «حدر امورات» کراوەیە، بیابانێك بە حزوورێکی لانیکەمی هێزەکان. چاودێری ئاسمانی دەتوانێت جووڵەی هەر کەرەستەیەك لە خاڵە هەر دوورەکانیشەوە کۆنترۆڵ بکات و گەیشتن بە هەر شار یان ڕێگاوبانێکی سعوودی پێویستی بە بڕینی سەدان مایل لە بیابان هەیە.

بەشی ڕۆژئاوای سنوور نیشانی داوە کە تەنیا شوێنێکە کە دەتوانرێت بە سەرکەوتوویی لەوێوە دزە بکەیتە نێو سعوودی، چوونکە لەوێ شاخەکان، جاددەکان و خەڵك بوونی هەیە. ئەم ناوچەیە هەروەها لە نزیکی «سەعدە» پێگەی بە هێزی حووسیەکانەوە هەڵکەوتووە.

گەرچی سوپای سعوودی خاوەنی توانایی پێویست بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو هێزانەیە کە ژمارەشیان لە حووسیەکان زیاتر بێت.

شەڕکردن دەتوانێت ئاخرین بژاردە بۆ ئەم کاتە بێت، بەڵام لە کۆتاییدا حووسیەکان ئەو تواناییەیان نیە کە لە بەرانبەر سعوودیدا خۆڕاگری بکەن و یان سعوودی شکست بدەن، عەرەبستانێك کە لە پشتیوانی تۆپخانە و هێزی ئاسمانیش بەهرەمەندە.

**کلیل، یارمەتیە ماڵیەکانە**

بە هێزترین فاکتەرێك کە حووسیەکانی بۆ شەڕ و بەرەوڕووبووونەوە لە گەڵ سعوودی هێشتۆتەوە، پێویستی ئەوان بە پشتیوانی ماڵیە. دۆخی هەژاری ماڵی و ئابووری ئەم وڵاتە بۆتە هۆکارێك کە حووسیەکان ـ یان هەر گرووپێکی دیکە کە بیهەوێت حکوومەت بکات ـ نەتوانن بە بێ پشتیوانی دەرەکی خۆیان لە یەمەن بپارێزن. بە بێ پشتیوانی ماڵی لە درێژماوەدا، کەمبوونی ئاوی یەمەنیەکان دەتوانێت کارەساتێکی مرۆیی بە دواوە بێت کە ئەمەش بەرەولای سعوودی درێژ دەبێتەوە، بوونی وەها پێویستی گەلێك بۆ سەنعا و ڕیاز، ئەوان ناچار بە هاوکاری لە گەڵ یەکتر دەکات.

لە حاڵێکدا لۆژیکی ئەوەیە کە حووسیەکان بۆ وەرگرتنی یارمەتی ماڵی بە دوای ئێرانەوە بن، بەڵام ئەوان دەزانن کە تاران بۆ دانی یارمەتی ماڵی توانایی کێبەرکێی لە گەڵ سعوودی نیە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژئاوا گەمارۆکانی لە سەر ئەم وڵاتەش لا ببات. ئێران دەتوانێت پشتیوانی سیاسی، لۆجستیکی و ئیتلاعاتی و سەربازی ئامادە و دابین بکات، بەڵام ئەمە زۆر دژوارە کە پارە و یارمەتی نەختی پێشنیار بکات. سەرەڕای ئەمەش، ئێران زیاتر لە ١٩٥٠ کیلومیتر لە یەمەن دوورە، لە حاڵێکدا سعوودی لە سنوورەکانی باکووری ئەم وڵاتە هەڵکەوتووە. هەروەها سعوودی دەتوانێت یارمەتی حووسیەکان بکات تا دانپێدانانی نێونەتەوەییان پێ بکرێت و وەکوو دەسەڵاتێکی یاسایی لە یەمەندا بن.

**ئامرازێك وەکوو مودێلی حزبوڵڵا**

حووسیەکان هەنووکە خۆیان لە دۆخێکدا دەبینن کە **حزبوڵڵا** لە لۆبناندا هەیبوو، هەر دوو گرووپ بە هێزترین هێزی سەربازی لە وڵاتانی خۆیاندان، بەڵام ئەوان لە ناو هەلومەرجێکی سیاسی و دمۆگرافیدا هەڵکەوتوون کە ئەوانی لە نێو وڵاتانی خۆیاندا تەنیا هێشتۆتەوە. ئەنسارولڵا تێدەکۆشێت کە وەکوو **حزبوڵڵا** لە کۆتاییدا ڕا و بۆچوونی لایەنەکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و حکوومەتێك وەکوو دێموکراسیی ئیعترافی لە لۆبنان دروست بکات. ئەنسارولڵا ئەگەرچی لە دۆخێکدایە کە **حزبوڵڵا** لە ساڵی ١٩٨٠دا بوو و ئەمەش پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی لە هێزێکی سەبازییەوە ببێتە هێزی سیاسی. هەروەها سعوودیەکان تێدەکۆشن تا پێشگیری لەوە بکەن کە ئەم هێز ببێتە هێزێك وەکوو **حزبوڵلا**. بە پێچەوانەی لۆنبان لە ساڵی ١٩٨٠دا، یەمەن لە لایەن ئیسراییلەوە داگیرنەکراوە و دراوسێکی وەکوو سووریەش بوونی نیە کە ئێرانیەکان بتوانن وەکوو کاناڵێك بۆ بە هێزکردن و خۆراك دان بە حووسیەکان کەڵکی لێوەربگرن.

**وتوێژەکانی داهاتووی یەمەن لە گەڵ ئێران**

عەرەبستانی سعوودی دەزانێت کە ئەم هەڕەشەیە گوشارێکی زۆر مەترسیدار نیە و بڕیاری داوە کە لە هەر چەشنە وتوێژی فەرمیی سیاسی لە گەڵ یەمەن خۆی بوێرێت. ڕیاز هەروەها دەزانێت کە تاران دەیهەوێت لە حووسیەکان کەڵك وەربگرێت بۆ بەدەستهێنانی شوێنێك لە سەر میزی وتوێژەکانی یەمەن، هەر بۆیەش بە پارێزەوە جووڵە دەکات. لەمپەرە سیاسی و جوگرافیاییەکان بەربەستێکن لە سەر ڕێگای تاران بۆ لاوازکردنی پێگەی ڕیاز لە یەمەندا.

گەرچی سعوودیەکان دەبینن کە لە کۆتاییدا هەلومەرجەکە بۆیان ڕەخساو و بە قازانجی ئەوانە، بەڵام ئەوان ناتوانن کە ئاسوودە و کەمتەرخەم بن و ئیزن بدەن کە حووسیەکان کۆنترۆڵی سەنعایان بە دەستەوە بێت. ڕیاز دەبێت دڵنیا بێت کە دۆخی ئۆپۆزیسیۆن بە ڕادەی پێویست باشتر بووە و دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی حووسیەکان زۆرتر بووە، لە وەها کاتێکدا ڕیاز بە تەمایە کە لە هەندێك خاڵدا لە وتویژ لە گەڵ حووسیەکان بەڵێنیان لێوەربگرێت، بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئۆپۆزیسیۆن لە دەرگیرییەکاندا لاوازە و جیهادییەکان خەریکی قازانج وەرگرتنن لەم بەرەوڕووبوونەوانە.

ژمارەیەکی زۆر لە دژبەرانی ئەنسارولڵا ـ کە عەشیرەکان، کەسایەتیە سوننەکان و ئەندامانی دەرکراو لە دەزگاکانی ئەمنی و ئاسایشی یەمەن لە خۆ دەگرێت ـ ئامادەی هاوکاریی لە گەڵ هێزە جیهادییەکانن بۆ شەڕ دژی حووسیەکان. سەلەفیەکان و جیهادییەکان تامەزرۆیەکی زۆریان بۆ شەڕی فیرقەیی هەیە، چوونکە ئەوان دەبینن کە ئەمە ڕێگایەکە بۆ بەرزبوونەوەی پێگەیان. سعوودی ناتوانێت ئیزن بدات کە ئەلقاعیدە یان دەوڵەتی ئیسلامی وەکوو هێزێکی شوێندانەر لە شەڕ دژی حووسیەکان دەرکەون.

لە واقعدا ئامریکاش پێشتر هەندێك ئاماژەی بۆ هاوکاریکردن لە گەڵ حووسیەکان بە مەبەستی شەڕ دژی ئەلقاعیدە لە یەمەندا دابوو، هێمایەکی دیکە لە گۆڕینی هەڵوەستەی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. واشگتۆن دەبینێت کە ئێران، **حزبوڵڵا** و تەنانەت حکوومەتی سووریە ـ بێجگە لە بەشار ئەسەد سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە ـ وەکوو هاوپەیمانی ئامریکا لە شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی حزووریان هەیە، پەرەسەندنی ئەم بابەتە دەتوانێت زەنگی هەڕەشە و خەتەرێك بۆ سعوودی بێت.

ئەگەر حووسیەکان لە پتەوکردن و بە هێزکردنی پێگەیان لە یەمەندا سەرکەوتوو بن، پارێزگاکانی باشووری عەرەبستان، «جزن» و «نجران» دەتوانێت ببێتە ناوچەیەکی خەسارهەڵگر لە ئەگەری پەرەسەندنی بیاڤی چالاکی ئەواندا، چونکە حەشیمەتی گرنگی شێعە ئیسماعیلەیەکان لەم ناوچانە دەژین. بە دڵنیاییەوە ئێرانیەکان لەوەها بەرەنجامێك پێشوازی دەکەن و کاریگەری ئەوەش پشتیوانیکردن لە حووسیەکانە.سعوودیەکان دەبینن کە حووسیەکان وەکوو هەڕەشەیەك لە لایەن ئێرانەوە بە ئەژمار دێن، چۆن سعوودیەکان لە گەڵ ئەم گرووپە هەڵسوکەوت دەکەن و تێدەکۆشن کە لە نێوان ئەوان و ئێراندا مەودا دروست بکەن، فاکتەرێکی سەرەکییە کە دەبێت ببینین. بە هەر حاڵ خراپتربوونی دۆخی ئەمنی یەمەن، شەڕێکی ژئۆپۆلیتیکی دیکە لە نێوان ئێران و سعوودیدا دروست دەکات کە توانایی پێشبینی کردنی کۆتاییەکەی ڕەنگە توزێك سەخت بێت.

# دووره دیمەنێک لە نەورۆزی خورهەڵاتی کوردستان

کانیاو

نەتەوەی کورد، وەك یەكێك لە دیارترین و لەمێژینەترینی ئەو نەتەوانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە نەورۆز جێژن دەگرێت. نەورۆز و سەرەتای ساڵی کوردی، بە واتای دەسپێکی وەرزی ژیانەوە و کۆتایی هاتنی وەرزی سەرما و سەخڵەت بووە. ئەم گۆڕانە سروشتییە بۆ نەتەوەی کورد، گرنگییەکی تایبەتیی هەیە، کە جگە لە کردنەوەی ئاگر و جێژن و خۆشی، لەو ڕۆژەدا، کەڵك وەردەگرێ بۆ دەربڕینی هاواری کپکراوەی مافە نەتەوایەتییەکانی، هەر بۆیە نەورۆز بۆتە بەشێك لە فەرهەنگی نەتەوەیی ئەم گەلە بێبەش کراوە لە مافە سەرەتاییەکانی هەر نەتەوەیەك. خەڵکی خورهەڵاتی کوردستان ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابردوو جێژنی نەتەوەیی نەرۆزیان لە ژێر حاکمییەتی ڕەشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا جێژن گرت. پاش هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێورەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان، زیاتر لە جاران ، واتایەکی سیاسیی بە خۆیەوە گرتوە. چونکە لە لایەك دژایەتیی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە، لە گەڵ جێژنی نەرۆز و داسەپاندنی فەرهەنگی گریان و ڕەشپوشی و لە لایەکی دیکەوە سووربوونی خەڵکی لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕسمەکانی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز، ئەو ڕۆژەی بە کردەوە، کردووە بە ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەی نەتەوەی کورد و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. ڕێژیمی ئێران هەمێشە دژایەتیی ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆزی لە ئێران و کوردستاندا کردووە، چونکە لە لایەك جێژنی نەورز، لەگەڵ فەرهەنگی ڕەشپۆشی، شیوەن و ڕۆڕۆی ڕێژیم یەك ناگرێتەوە و هەربۆیە نەورۆز لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە دیاردەیەکی نائیسلامی دادەنرێ و لەگەڵ باوەڕ و ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ناگونجێ و لە لایەکی دیکەوە ترسی ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەی خەڵك بۆ دەربڕینی جێژن و شادی، لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا و هاتنە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان، نیگەرانییەکی زۆر بۆ دەسەڵاتی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دروست دەکا. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە بزووتنەوەیەکی بە هێزی مەدەنی لە خورهەڵاتی کوردستان لە مەیداندایە، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی تێکەڵ بە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی کورد لەگەڵ هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە. هەر بۆیە زۆر جار ڕێورەسمەکانی ئاگردنەوەی جێژنی نەورۆز، جێگای خۆی دەدا بە خۆپێشاندان لە دژی تەواوییەتیی حاکمیەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. نەورۆزی ئەمساڵ لە خورهەڵاتی کوردستان لە چەند بارەوە گرنگیی تایبەتیی هەبوو. چونکە سەرەڕای ئەوەیکە ڕێورەسمەکانی جێژنی نەتەویی نەورۆز لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دژایەتیی بەڕێوەچوونی کرا، وەك ڕابردوو، لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە تەنانەت بە شکۆتر لە ڕابردوو پێشوازیی لێکرا. ڕێوڕەسمەکانی نەرۆزی ئەمساڵ دەریان خست کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی حاکمیەتی سەرەڕۆ و خەفەقان و سەرکوتی خۆیدا نەك هەر نەیتوانیوە فەرهەنگ و ئامۆژگارییەکانی بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵك لە خورهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو نەیتوانیوە نەرۆز و جێژن و خۆشی لە فەرهەنگی نەتەوەیی کورد بسڕێتەوە. هەر بۆیە ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ڕەشپوش و شین و ڕۆڕۆ لە خورهەڵاتی کوردستان و تەنانەت حیجابی زۆرەملیشی لە کوردستان بۆ وەدی نەهاتوە. هەر بۆیە سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و هەستیاریی لە ڕادەبەدەری ڕێژیم لە بەرامبەر هەر چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکی سیاسیی و مەدەنی لە کوردستان، بۆتە هۆی ئەوە کە زۆربەی ئەو کار و چالاکییانەی لە وڵاتانی دێموکراتیك و تەنانەت نیمچە دێموکراتیکدا وەك شتێکی سەرەتایی و ئاسایی چاو لێ دەکرێن، لە خورهەڵاتی کوردستان بە نرخی گیانی خەڵکی مەدەنی تەواو بێ. هەر چەند لە جێژنی نەورۆزی ئەمساڵدا هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران بە خەڵکی کوردستانیان ڕاگەیاندبوو کە لە بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز خۆ ببوێرن، بەڵام خەڵکی کوردستان بەبێ گوێدان بە هەڕەشەکانی ڕێژیم بەرە و پیری ڕێوڕەسمەکانی جێژن و سەری ساڵی نوێی کوردییەوە چوون. ئەمساڵ ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆز لە خورهەڵاتی کوردستان لە زۆر شار و ناوچەدا، بە شکۆتر لە ساڵانی ڕابردوو بەڕیوەچوو. هێزەکانی دژە شۆڕشی ڕێژیم، لە شار و گوندەکانی کوردستان بۆ چاوترسێنکردنی خەڵك لە سەر شەقام و بەرزاییەکان جێگیر ببوون بەڵام سەرەڕای ئەوەش، خەڵکی خورهەڵاتی کوردستان ئاگری نەورۆزیان کردەوە و شایی و خوشییان دەربڕی. لە زۆربەی شار و گوندەکانی خورهەڵاتی کوردستاندا لە نیوان خەڵك و هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی ڕێژیم شەڕ و تیکهەڵچوون ڕووی داوە و بە دەیان کەسیان لە لاوان دەستبەسەر کردوە. لە زۆر شوێنی کوردستانی ئێران و بە تایبەت لە شارەدێی نێ و گوندەکانی ژاوەڕۆیی سنە، جێژنی نەتەوەیی نەورۆز بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و بەدەستەوە گرتنی وێنەی ڕێبەرانی شەهید «دوکتور قاسملووی ڕێبەر و دوکتور سەعید» سکرتێرەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران و ئاگردانی ئاڵای گرووپی تیرۆریستی داعش و خوێندنەوەی سروود و دروشمی شۆڕشگیری و نەتەوەیی دیکە بەڕێوەچووە. ئەوە لە کاتێکدایە خەڵکی خورهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای ڕێگرتن و هەڕەشەکانی ڕێژیم سەبارەت بە بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز، بە شێوەیەکی بە شکۆ بەرە و پیری ساڵی نوێی کوردی چوون. خورهەڵاتی کوردستان هەروەك لە بزووتنەوەی شۆڕشگیری و مەدەنیدا لە میژووی سیاسیی ئێراندا پێشەنگ بووە، لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەتەویی نەرۆزیشدا لە ئاستی ئێراندا پێشەنگ بوون. سەرەڕای کەند و کۆسپەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆز و کاریگەریی شەڕی داعش لەسەر کوردستان بەگشتیی، خەڵکی خورهەڵاتی کوردستان زۆر بە گەرمی بە پێشوازی جێژنی نەرۆزەوە چوون. لە کاتێکدا نەتەوەی کورد لە خورهەڵاتی کوردستان لە مافە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی و تەنانەت مافی بەرابەریی ئابووری پاریزگاکانی کوردستان لە گەڵ پاریزگاکانی ناوەندی ئێران بێ بەشە، ڕێورەسمەکانی نەورۆزی ئەم ساڵیان کردە دەرفەتێك بۆ دەربڕینی دەنگی نارەزایەتی، ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا. کەوابوو بۆ نەتەوەیی کورد لە خورهەڵاتی کوردستان جێژنی نەرۆز واتایەکی زیاتر لە جێژن و خوشی هەیە. واتا ئەگەر نەورۆز بە واتای ژیانەوەی سروشتە، ڕوحی ئازادیخوازی و مافویستی بەشێکن لە سروشتی خەڵکی کورد. هەر بۆیە نەرۆز بۆ کورد لە خورهەڵاتی کوردستان بریتییە لە بووژانەوەی سروشتی مافە نەتەوایەتییەکانی و دەسپێکی وەرزێکی نوێ بۆ پتەوتر بوونی باوەڕی نەتەوایەتی و تێکۆشان و خەبات بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی.




# ساڵێکی نوێ و دروشمێکی دیکە

شەهاب خالیدی

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران عەلی خامنەیی لە ساڵی ١٣٧٨ەوە، هەموو ساڵێك ناوێك بۆ ساڵی نوێی هەتاوی دیاری دەکات و داوا لە بەرپرسانی پایەبەرزی وڵات دەکات کە هەموو هێز و تواناکانیان بخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەو ناوە یان ئەو دروشمەی کە دیاریی کردوە، بە شێوەیەك هەنگاو بۆ نەهێشتنی کێشە و گیروگرفتەکانی وڵات هەڵگرن، کە لە بەرژەوەندیی نیزامەکەیاندا بێ. هەر بۆیە ئەمساڵیش بە سەرنجدان بەوەی کە خەڵك بە هۆی دروشمە بریقەدار و بێ ئاکامەکانی دەوڵەت لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لە دەوڵەت بێ هیوا بوونەتەوە و ڕێبەری نیزامیش کە بۆ خۆی هۆکاری سەرەکیی پێکهاتنی ئەو ڕەوشە نالەبارەیە و بە باشی لەم ڕاستیە تێگەیشتوە، بە دیاریکردنی دروشمی «دەوڵەت، خەڵك، هاودڵی و هاوزمانی» دەیهەوێ خەڵکی بەڵالێدراوی وڵاتەکەمان جارێکی دیکە بە دروشمە بێ کردەوەکانی دەوڵەت و حکوومەتەکەیان هیوادار بکات.

لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو پەیامەی خامنەیی دەسەلمێنێ کە کێشەگەلێکی قووڵ لە نێوان خەڵك و دەوڵەتدا هەن، لە هەمان کاتدا ئەوە دەسەلمێنێ کە ئامانج و هیوای خامنەیی ئەوە نیە کە دەوڵەت داواکانی خەڵك جێبەجێ بکات، بەڵکوو هەر چۆن کە لە پەیامەکەیدا باس لە بەشداری بەرچاوی خەڵکی وڵات لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان و ڕۆژی قودسدا دەکات - کە لەو بۆنە تایبەتیانەدا ڕێژیم بە هێنانەوەی خەڵك بە زۆر بۆ سەر شەقامەکان، دەیهەوێ خەڵکی بوونی دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێ- دەیهەوێ کە خەڵك دیسان بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی ئەو و دەسەلاتەکەیدا بن و بۆ بەرژەوەندیی نیزامەکەی دەست لە داواکانیان هەڵگرن و بە یەك دڵ و یەك زمان لە بەرامبەر دوژمنانی ئیسلامدا! ڕابوەستن و بۆ بەرژەوەندیی ڕێژیم ڕێگا بۆ «ناردنە دەرەوەی شۆڕش» خۆش بکەن، هەر وەك ئەوەی کە ئێستا ئێمە لە وڵاتانی وەك سووریە، عیراق و یەمەندا دەبینین.

بەڵام خەڵك بە باشی لە نییەتەکانی ڕێبەری نیزام و بەرپرسانی دیکەی وڵات تێگەیشتوون و ئەوەندە لێیان بێزار و داخ لە دڵن کە بێ بڕوایی بە دەوڵەت، گەیشتووتە لووتکەی خۆی. چونکە ئەو ساڵەی کە تێپەری، ساڵێکی پڕ لە ئێش و ئازار و گرتن و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان و ساڵێکی ڕەشتر لە ساڵانی ڕابردوو بوو، و دیسان سەلمێنرایەوە کە ڕووحانی نە دەیهەوێ و نە دەشتوانێ لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا گۆڕانکاری ئەنجام بدات، و خەڵکیش ناتوانن هەنگاوێك بەرەو پێشەوە، بۆ وەدیهێنانی ئامانج و داوا ڕەوا و سەرەتاییەکانیان هەڵگرن، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەوڕووی هەزاران دیاردەی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی دەبنەوە و هەژاری و دەسکورتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێ و چالاکییە مەدەنییەکانیشیان زیاتر بەرەوڕووی کۆسپ و تەگەرە دەبنەوە.

وڵاتەکەمان کە دەبوایە ئێستا لە ڕیزی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهاندا بوایە، بەداخەوە لە ژێر سێبەری ڕەشی دەسەڵاتی ئەو ئاخووندانەدا وا لە نێو قووڵایی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا چەقیوە، کە تەنیا ڕووخانی ئەو سیستەمە دەتوانێ ببێ بە سەرەتاییێك بۆ ڕزگاربوون لەو هەموو ئێش و ئازار و نەهامەتیانە و ئاوەدانکردنەوەی ئێرانێکی دێموکراتیك و پێشکەوتوو. ئێرانێك کە ڕێبەرانی لە پەیامە نەورۆزییەکانیاندا شانازی بە خزمەتەکانی ساڵی ڕابردوویان بکەن و خەڵکیش شانازی بەو ڕێبەرانەی خۆیانەوە بکەن کە هەموو هەوڵیان داوە بۆ بەختەوەری و ژیانێکی ئاسوودە بۆ گەلەکەیان. بێگومان تەنیا ئەو کاتەیە کە خەڵك و دەوڵەت دەتوانن ببن بە یەکدڵ و یەك زمان بۆ بەرە پێشەوە بردنی وڵاتەکەیان.



# نەترسان لە مەرگ ڕەمزی زیندوومانەوەیە

شەماڵ تەرغیبی

سەدەی بیستی زایینی سەدەی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی ئازادیخوازانە و لە هەمان کاتیشدا زاڵبوونی تۆتالیتاریزم بەسەر بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی جیهاندا بوو. سەدەی دوو شەڕی جیهانی و بۆمبی ناوکی و دژایەتیی کردنی پڕۆسەی جیابیری و سازکردنی جەوی پۆلیسی و خەفەقان. وەك نیچە دەڵێ: «لەم نێوانەدا خوێنی زۆر بۆ چەمکگەلێکی وەك ئازادی، ماف و... ڕژا.»

لە وەها هەلومەرجێکدا و لە کوردستانی بندەستی ئێراندا سیستمی سەرەڕۆی پاشایەتی تاوانێکی ئەنجامدا کە تا هەتاهەتایە لە دیرۆکی ئێراندا وەك پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانیەوە دەمێنێتەوە. لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی دەسەڵاتبەدەستانی ئەوکاتی ئێران چەندکەس لە ڕێبەرانی ئۆستوورەیی گەلی کوردیان بە تۆمەتی ناڕەوا و بێبنەما لە داری بێدادی دا. پێشەوا قازی محەمەد، سەیف و سەدری قازی ئەو کەسایەتیە ناوازانەی گەلی کوردن کە لەو ڕۆژەدا شەهید کران. ڕوونە کە فەلسەفەی ژیانی مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە تاکوو ئێستا بریتی بووە لە لەدایکبوون و مردن. ئەم دوو چەمکەش بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام جێگەی مشتومڕ و بیرکردنەوە بووە و هەیە و هەر کەس و بەپێی تێڕوانینی خۆی لێکی دەداتەوە و پێناسەی بۆدەکات. هەندێك کەس باوەڕیان بە دونیایەکی دیکە و زیندووبوونەوەی پاش مەرگ هەیە و هەندێك کەسی دیکەش پێیان وایە کە ئەمە ڕەوتێکی سروشتیە و پاش نەمان لەم دونیایە هیچ ژیانێکی دیکە بوونی نیە. لە هەر دوو حاڵەتی ئاماژەپێکراویشدا هەست بە بوونی چەشنێك لە ترس بۆ پرسی مردن دەکرێت. بەڵام لەم نێوانەدا کەسانێك هەن کە نەتەنیا لە پرسی مردن بە مانای ڕاستەقینەکەی ناترسن بەڵکوو دەتوانین بڵێین گاڵتەیان بە مەرگ دێت و بە ئاکاری مرۆڤتەوەرانەیان بەرەوڕووی مەرگ دەبنەوە و تەنانەت بەچۆکیدا دێنن و لەهەمانکاتیشدا دەبنە ئۆلگوو سیمبۆلێك بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و ئەم «نەترسان لە مەرگە» دەکەنە وانەیەکی مەزن بۆ ژیان. بەم شێوەیەش ژیان لە حاڵەتێکی ئاساییەوە دەگوازنەوە بۆ ژیانێکی مانادار و پڕنێوەڕۆك کە ڕەنگە بتوانین ئەمە بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤی ئاسایی و مەزنەمرۆڤەکان دابنێین.

ئێستا بەپێی ئەم پێناسەیە و بەدوور لەهەر جۆرە دڕدۆنگیەك دەتوانین بێژین پێشەوا قازی محەمەد ئەو مەزنەمرۆڤەیە کە توانی بەسەر مەرگدا زاڵ بێت و وەك شەهیدی نەمر د.قاسملوو فەرمووی: کاتێك پێشەوا و هاوڕێیانی لەسێدارەدران، پەیامێك، مەشخەڵێکی دایە دەستی نەسڵەکانی دوای خۆی. ئەو پەیامە چیە؟ ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئەوانەی وا شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن، تەنانەت ئەگەر دەیان جار مردنیشیان لە پێش بێت، تا سەرکەوتن دەس لە خەبات هەڵناگرن. ئەو پەیامە ئەوەیە کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە بۆ بەختیاری و سەربەرزی و خۆشی گەلەکەمانە. ئەو پەیامە ئەوەیە کە لە ڕێگای ئازادی، میللەتێکی زیندوو دەبێ فیداکاری بکات. ئێمە لەم ڕێگایەدا کاروانێکی دوورو درێژ لە شەهیدانمان پێشکەش کردووە بەڵام میللەتێك بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە، میللەتێك بیهەوێ نیشان بدات کە سەربەخۆیە و لەنێو میللەتانی دونیادا جێگەی هەیە، دەبێ نرخی ئازادی خۆی بدا. ئازادیش لە تاریخدا وەك نیشان دراوە کە نرخی گرانە و بێنرخیش وەرناگیرێ. ئەو پەیامە ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئازادی و دێموکراسی تێدەکۆشین.»



ئەمڕۆ پاش تێپەرینی ٦٨ساڵ بەسەر شەهیدکرانی سەرقافڵەی کاروانی شەهیدای کوردستان ئەرکی نەسڵی نوێی کوردستانە کە وەك سەرداری دێموکراسی فەرمووی درێژە بە ڕێگای شەهیدان بدات تاکوو بە ئازادی بگات. ئازادیەك کە تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤێك بە مانای ڕاستەقینەی وشە لەخۆبگرێت و گەلی کوردیش هاوشێوەی هەموو گەلانی جیهان چێژ لە سەربەستی و ئازادی وەربگرێ.

سڵ لە مردن نەکات و بە پێچەوانەوە بەگژی مەرگدا بچێتەوە و نەهێڵێت مەشخەڵی خەبات بۆ ئازادی بکوژێتەوە.

هەر لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە خەباتی پێشەوا و هاوڕێیانی چەند ئامانجی بەرزی مرۆڤتەوەرانەی لە پشتە کە بریتین لە: گەشەدان بە دۆستایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و نەتەوەکانی جیهان، گەشەدان بە چەمکی ئاشتی نەتەوەیی و دورکەوتنەوە لە توندوتیژی و هەروەها بۆ لەنێوبردنی نادادپەروەری، بۆ سەروەریی یاسا و یەکسانی تاکەکان کە ڕەمزی گەیشتن بەم ئامانجانە بێشك چاندنی تۆوی هیوا بە دوارۆژو یەکترویستن و ڕێزگرتن لە یەکترە.

نەسڵی ئەمڕۆی کوردستان دەبێ باش لەوە تێبگات کە ڕێژیمە تۆتالیتار و دژەگەلیەکانی وەك کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە بە چاندنی تۆوی بێهیوایی و بێبایەخ پیشاندانی خەباتی گەلانی ئازادیخواز، گەلی کورد لە چێژی گەیشتن بە ئازادی دوور بخەنەوە و ناهۆمێدی بکەنە هەوێنی ژیانیان. بۆیە بەردەوامی لە خەبات و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشەوا و کۆمار گونجاوترین ئاڵتێرناتیڤی ئەم دۆکتۆرینەی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران و ڕێژیمە هاوچەشنەکانیەتی.

ڕۆژی دەی خاکەلێوە ڕۆژی ڕێزگرتن لەو ڕۆڵە چاونەترسانەی کوردستانە کە بە گیانی خۆیان پارێزگاریان لە کەرامەت و شەرافەتی نەتەوەیی گەلی کورد کرد و گیانی خۆیان کردە پردەبازی سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی گەل. ڕۆژی پەیمان و بەڵێننوێ کردنەوەیە لەگەڵ ئەو مەزنەمرۆڤانە کە مانایان بە ژیان بەخشی و مەرگیان شەرمەزار کرد. ڕۆژی هەڵوەستەکردن لەسەر تەواوی ئەو چەمکە مەعنەویانەیە کە مانا بە مرۆڤایەتی دەدەن و بەخشەندەیی، کۆڵنەدان، لەخۆبووردوویی، گیانبازی و دەیان چەمکی لەمچەشنە پێناسە دەکەن.

# دیالۆگ لەسەر مافی گرووپە ئیتنیکەکان لە ئێران

وتوویژ: عارف وەڵزی

ڕۆژی ٢٧ و ٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆنفرانسێکی تایبەت بە مافی نەتەوەکانی ئێران لە ژێر ناوی «دیالۆگ لەسەر مافی گرووپە ئیتنیکەکان لە ئێران» بە بەشداری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێز د. عەلی عەبدولیزادە، لە وڵاتی سویس بەڕێوەچوو.

ڕۆژنامەی کوردستان بۆ بەدەستخستنی زانیاری زیاتر لەو پێوەندییەدا و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە و نێوەرۆکی پانێل و مژارەکانیی، هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ بەڕێز تێموور ئەلیاسی، بەرپرسی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران — ژنێف ڕێك خستووە کە لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا دەقی ئەم وتوویژە دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

**کوردستان: کاك تێموور، شیرین عیبادی لەو کۆنفرانسەدا ڕایگەیاند کە ئێمە واتە نەتەوەکانی ئێران تا ئێستا دەرفەتی ئەوەمان نەبووە کە بێین و باس لە کێشەکانمان بکەین، بە بڕوای ئێوە خودی شیرین عیبادی تا چەندە باوەڕی بە مافی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران هەیە؟**

**تێموور ئەلیاسی:** بەڵێ، قسەکانی خاتوو شیرینی عیبادی لە پێوەندی لەگەڵ نەبوونی دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ هێنانە گۆڕی پرسی نەتەوەکان لە وڵاتی ئێراندا ڕاستە. بەڵام لە دەرەوەی وڵات، کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران - ژنێڤ بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵە کە بە شێوەیەکی سیستماتیك کۆنفرانس و کۆبوونەوە لە پارلمانەکانی ئورووپا و نەتەوە یەککگرتووەکان لە سەر پرسی نەتەوەکانی ئێران ڕێك دەخات و ئەوە بۆ چوارەمین جارە کە خاتوو شیرین عیبادی و ئەحمەد شەهید بۆ خۆیان میوانی کۆنفرانسەکانمانن. لە پێوەندی لەگەڵ بەشی دووهەمی پرسیارەکە، وەك دەبینین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاڵوگۆڕی بەردەوام دایە، هاتنی داعش و بە هێزبوونی لە ناوچە و هەروەها ڕووخانی دەوڵەتەکانی ناوچە، بۆتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی ئێرانیەکان بیر لە چارەیەك بکەنەوە بۆ پرسی نەتەوەکان لە ئێران. دیاری کردنی یونسی (فارسێك) وەك ڕاوێژکاری ڕووحانی بۆ نەتەوەکانی ئێران و بەشداری خاتوو عیبادی لە کونفرانسی پرسی نەتەوەکانی ئێران زیاتر لەو ڕاستایەدایە.

**کوردستان: لەو کۆنفرانسەدا نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە، تاکە ڕێگای دەستەبەربوونی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران، گۆڕینی ڕێژیمە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا بەشدارانی دیکەی کۆنفرنسەکەش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تاکە ڕێگا گۆڕینی ڕێژیمە؟**

**تێموور ئەلیاسی:** زۆربەی بەشدارانی کونفرانسی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان - ژنێڤ لە سەر پرسی نەتەوەکان، لە سەر ئەو خاڵە کۆك بوون کە زۆربەی مادەکانی دەستووری بنەڕەتی ئێران کە لە سەر ئەساسی ئیسلامی شیعەی دوانزە ئیمامی داڕێژراوە، یاسای خراپن و دەبێ سەر لە نوێ هەموار بکرێنەوە. پرۆفسۆر «عەباس وەلی» یاساکانی دەستووری بنەڕەتی ئێرانی وەك دەستوورێکی سەرکوتکەر وەسف کرد.



**کوردستان: بۆ چی تا ئێستا ڕێژیم نەیهێشتووە کە ئەحمەد شەهید سەردانی ئێران بکات؟ لە کاتێکدا ڕژیم دەڵێ ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید دوورن لە ڕاستی؟**

**تێموور ئەلیاسی:** کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانە نیە کە پەسەندی کردوون. بێجگە لەوەش، ئێران دیاری کردنی ئەحمەد شەهید وەك ڕێپۆرتێری تایبەتی نەتەوەیەککگرتووەکان لە لایەن شورای مافی مرۆڤەوە، وەك ئامرازی گوشاری سیاسی لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران سەیر دەکات و بە هیچ شێوەیەك ڕێگەی چوون بۆ ئێرانیی پێ نادات. ئێران پێنج پەیماننامەی لە کۆی نۆ پەیماننامەی نێونەتەوەیی پەسەند کردووە و بە بیانووی تایبەتمەندی کولتوری و شەریعەتی ئیسلام، ڕێز لە هیچکام لەو پەیماننامانە ناگرێت.

**کوردستان: سەرەڕای تەواوی ئەو هەموو ڕاپۆرتانە لەهەمبەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا کە هەموویان بەڵگەیان لە پشتە، بۆ چی تا ئێستا هەڵوێستێکی بە کردەوەمان لەو وڵاتانە نەدیوە کە هەمیشە بە ئەرێنی دەنگ دەدەن بە ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید؟ بە بڕوای ئێوە ڕاپۆرتگەلێکی ئاوا، تەنیا لە چوارچێوەی پرۆتستۆ کردندا ڕۆڵ دەگێڕێ؟**

**تێموور ئەلیاسی:** شوورای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتووەکان لە ژنێڤ و کۆڕی گشتی نەتەوە یەککگرتووەکان لە نیویۆرك، هەر ساڵ ئێران لە مەڕ پێشلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم دەکەن. بەڵام بۆ ئەوەی بڕیارنامەکان لە حاڵەتی کاغەز بچنە دەرێ و هەنگاوی کردەوەییان بۆ هەڵبگیردرێت، پێویستە پرس و دۆسیەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕەوانەی شووڕای ئەمنیەت بکرێت یان خود ئێران کۆنڤانسیۆنی ڕۆم پەسەند بکات. ئێران کۆنڤانسیۆنی ڕۆم پەسەند ناکات و چین و ڕووسیاش لەبەر قازانجی ئابووری، ڕێگرن لە پەسەندکردنی هەر چەشنە بڕیارنامەیەك لە دژی ئێران.

**کوردستان: هۆکاری چییە کە وڵاتانی وەکوو چین، ڕووسیە، کووبا، پاکستان و ڤێنێزۆئێلا سەرەڕای هەبوونی ئەو هەموو بەڵگەیە، دەنگی نەرێنییان دا بە ڕاپۆرتەکە؟**

**تێموور ئەلیاسی:** وڵاتانی چین، ڕووسیا، کۆریای باکوور، کووبا، ڤێنێزۆئێلا و پاکستان پشتیوانی لە ئێران دەکەن بە هۆی دوو هۆکارەوە: یەکەم لەو وڵاتانە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و پرسی مافی مرۆڤیان لەلا گرینگ نیە، و دووهەم، بێجگە لە پاکستان کە هاوسنووری ئێرانە و وڵاتێکی ئیسلامیە، هەموو ئەو وڵاتانەی دیکە لە یەك بلۆکی سیاسیدا لە دژی ئامریکان.

# بیگبەنگی کۆمەڵایەتی - ئێتنیکی لە ئێراندا

ن: شارام میرزایی
و: جاقل

٦٦ ساڵ بەسەر پەسندکران و جێبەجێ کردنی یەکەمین پلانی داڕێژراوی گەشەپێدانی ئێران - کە بە پلانەکانی ئاوەدانکردنەوە دەناسرێن - تێدەپەڕێت. لە ماوەی تەمەنی حکوومەتی محەمەدڕەزاشادا، ٥ پلانی ئاوەدانکردنەوە پەسند و جێبەجێ کران کە لە نێویاندا بە بەردەوامی یەك یان چەند خاڵی نێو ئەو پلان و گەڵاڵانە هەوڵدان بۆ چاکسازی و کەمکردنەوەی کەلێن و مەودای نێوان پارێزگاکان لەباری گەشەی ئابورییەوە بوو، بەڵام بەداخەوە نەتەنیا هیچ چەشنە گۆڕانکارییەك لە بارودۆخ و وەزعیەتی ناوچە لەپەراوێزخراوەکانی ئێران نەهاتەدی، بەڵکوو دواکەوتوویی ئابوری و کەلێنی گەشەی ناوچەیی ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوو بەچەشنێك کە بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی لە ساڵی ١٣٥٥ ئێران زۆرترین جیاوازی ناوچەیی بەپێی پێوەری سەرانەی بەرهەمە ناپاقژەکان لە ئاستی ناوچەییدا هەبووە.

پلانە بە ڕواڵەت گەشەپێدەرانەکانی ئێران بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ٥٧و هەروەها دەسپێکی شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ساڵەی ئێران و عێراق لە کۆتاییەکانی ساڵی ٥٦ەوە ڕاگیرا. پاش کۆتاییهاتنی شەڕ دەوڵەتی ئەو کات گەڵاڵەکانی چاکسازی و گەشەی دەست پێکردەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لەم ڕاستایەدا پلانێکی دارشت کە بە «پلانی گەشەی یەکەم» ناسرا. لەوکاتەوە تاکوو ئێستا ٥پلانی گەشە داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە، بەڵام هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە هەلومەرج و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی پارێزگا سنوورییەکان نەهاتۆتە دی و تەنیا دەسکەوتی دیار و بەرچاوی ئەم پلانانە خۆشبژێوی و گەشەی زیاتری ناوەندی ئێران بووە.

**ئاو لە سەرچاوەوە لێڵە....**

گەشەسەندن ڕەوتێکی فرەڕەهەندیە کە ئامانجە سەرەکیەکەی باشترکردنی پێوەرە ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکانە. حکومەت و دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە - ١٣٠٤ - بە پێڕەوی‌کردن لە ڕێبازێکی دیار کە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت واتە سیاسەتی ناوەندگەریەتی و حاشاکردن لە شوناس و ژیانی نەتەوەکانی لەپەراوێزکەوتوو لە سنوورە نێونەتەوەییەکانی، زۆرترین هەوڵی خۆی لە دوو ڕێڕەوی بنەڕەتی و پێکەوە گرێدراو کاناڵیزە کردووە:

ئا: دامەزراندن و دانانی بناغەی سەنعەتە پێشکەوتووەکان لە ناوەندی ئێران.

ب: ڕاگواستنی سەرچاوە ژێرزەوینیەکان و داهاتی ئەم سەرچاوانە لە پارێزگا بەپیت و دەوڵەمەندەکانەوە بۆ ناوەندی ئێران.

بەدەسپێکی ئەم پرۆژە تاڵانکارانە، سەرکوتی بێبەزەییانە و توندی نەتەوەکانی خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم سەرچاوانەش بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە گەڵاڵەکان، سەرکوتی بێبەزەییانە و خوێناوی ڕاپەڕینە مافخوازانەکانی گەلانی لوڕ و عەرەب و کورد کە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەسەڵاتی قەجەریەوە دەستی پێکرد، دەکەوێتە ئەم خانەوە. بوردومانی هەوایی ناوچەکانی لورستان لە ساڵەکانی ١٣٠٤ تاکوو ١٣٠٨ یەکێك لە نموونەکانی سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینە دژەداگیرکەرانەکانی نەتەوەکانی ئێرانە کە هەڵبەت ناوی وڵاتی ئێران وەکوو یەکەمین وڵاتێك کە خەڵکەکەی خۆی لە ڕێگەی بوردومانی هەواییەوە لەنێودەبات لە مێژوودا تۆمارکراوە. دامەزراندن و سازکردنی سەنعەتە گەورە و بنچینەییەکان لە پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران و ڕاگواستنی سەرچاوە ژێرزەوینیەکان یان داهاتی ئەم سەرچاوانە، بەهەموو شێوەیەکی لواو و تەنانەت بە زۆرەملێ تاکوو ئەمڕۆش بەردەوامە. بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژە، نەخشە ڕێگای ئابوریی ئێرانی لەو کاتەوە تاکوو ئێستا بەتەواوەتی گۆڕیوە، لەلایەکەوە ژمارەیەکی کەم لە پارێزگاکانی ناوەندی ئێران کە ئامانجی سەرەکی سەرچاوەکان و سازکردنەکان بووە، بە قەڵەمبازێکی گەورە بەرەو گەشەی زیاترو خۆشبژێوی هەنگاوی ناوە و لەلایەکی دیکەوە پارێزگا سنوورییەکانی ئێران بەتایبەت لە ڕۆژئاوا، باشور و باشوری ڕۆژئاوای ئێران وەدواکەوتن و هەژاری لە ڕادەبەدەری ئەزموون کردووە.

ئیلام، لورستان، سنە، چوارمەحاڵ و بەختیاری، کۆهگیلویە و بۆیرئەحمەد، خوزستان و سیستان و بەلووچستان ناوی ئەو هەشت پارێزگایەیە کە پێش لە پێکهاتنی حکوومەتی ناوەندگەرای ئێران خاوەنی خۆبەڕێوەبەری و بارودۆخێکی ئابووریی گونجاو بوون، بەڵام لەو کاتەوە کە پاوانخوازییەکان دەستیان پێکردووە نەتەوەکانی ئێران بەردەوام هەژاری و گەشەنەکردن و دواکەوتوویان وەکوو دوو تایبەتمەندی سەرەکی خۆیان پەلکێش کردووە.

**چەوساندنەوەی نوێ و گۆڕینی پێکهاتەی شوناسی ناوچەیی**

بە سازبوونی دونیای نوێ و زریقەوبریقەدار لە ناوەندی ئێران و بڕینی پلەکانی گەشەکردن لەلایەن پارێزگا ناوەندییەکانەوە، دوو ڕووداوی دڵتەزێن لە ناوچە بێبەشکراوەکان هاتەاراوە:

١. کۆچی نوخبەکان، دەرچوانی زانکۆکان و خاوەن پیشە و زانستەکان بەرەو ناوەند.

٢. دروستبوونی هەستی خۆبەکەمزانین لە ئاستێکی بەربڵاودا لەم ناوچانە لەبەرامبەر فەرهەنگی هاوردەکراو و دروستکراوی دەسەڵاتبەدەستانی ناوەند.

گومان لەوەدا نیە کە سەرفکردنی سەرچاوە داراییە بەربڵاوەکان و گەشەی ئابووریی درێژخایەن لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران کە بەگشتی فارس زمانن بووە هۆی تەکوزی ناوەندە فەرهەنگی و زانستیەکان لەم ناوچانەدا بە چەشنێك کە بڕواپێکراوترین زانکۆکانی وڵات، ناوەندە لێکۆڵینەییەکان، دەزگا و دامەزراوە فەرهەنگی و هونەرییەکان و... لەم پارێزگایانەدا دامەزرا. چڕکردنەوەی سەرمایە لە ناوچە تایبەتەکان، چڕبوونەوەی دامەزراوە فەرهەنگی و زانستییەکانی کۆمەڵگەیی لەو ناوچانەشدا بەدوای خۆیدا هێنا کە ئەم پرسە لەشوێنی خۆیدا ببوە هۆی ئەوەیکە لەماوەی ٩٠ ساڵی ڕابردوودا زۆربەی توێژی پێگەیشتووو خاوەن ئەزموون و زانستیی ناوچە پەراوێزخراوەکان بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش بەرەو ئەم ناوچانە کۆچ بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، بەسازکردنی دونیایەکی پێشکەوتوویی شارنشین، کە لەودا هەموو ئامراز و تواناییەکان لە بەردەستی کەمینەیەك لە خەڵکی ئێران بووە و هەیە، گەلانی نیشتەجێ لە سنوورەکانی ئێران بە دەرەنجامێکی نەرێنی گەیاند، ئاکامێك کە بەهۆیەوە دواکەوتوویی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە شوناس و زمانەکەیانەوە پێوەند دەدا - هەڵبەت لەم نێوانەدا نابێ ڕۆڵ و نەخشی ڕووناکبیران و خوێندەوارانی نەتەوەکانیش لەبیر بکرێت کە بۆخۆیان بەتەواوەتی کەوتبوونە ژێر کاریگەری و ڕکێفی ڕواڵەتە زریقەوبریقەدارەکانی ناوەند - لەم ڕاستایەشدا باوك و دایکان منداڵەکانیان لە زمان و فەرهەنگی باب و باپیرانیان دوورخستەوە، بەو ئاواتەی کە ڕەنگە بتوانن بەمشێوەیە داهاتوویەکی ڕوون بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن. ئەم پرسەش لە جێگەی خۆیدا پرسی ئاماژەپێکراوی هێندەی دیکە ئاڵۆزتر کرد.

**درۆیەکی گەورە، بەڵام شیرین**

ئەسڵی ٤٨ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران باس لەوە دەکات کە: کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان و کەڵکوەرگرتن لە داهاتە گشتی و نەتەوەییەکان لە ئاستی پارێزگاکاندا و دابەشکردنی چالاکییە ئابوورییەکان لەنێوان پارێزگاکان و ناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵات، دەبێ بەدوور لەهەر چەشنە هەڵاواردن و دووچاوگییەك بێت، بەچەشنێك کە هەر ناوچەیەك بەپێی پێویستیەکان و لێهاتوویی گەشەسەندنی خۆی، سەرمایە و پێداویستیەکانی بۆ تەرخان بکرێت. بەڵام ڕاستییەکان باس لە شتێکی دیکە دەکەن: بوونی ١٠پارێزگای بێبەشکراو کە بۆخۆیان بەشێك لە دەوڵەمەندترین و بەپیتترین پارێزگاکانی وڵات لەباری سەرچاوە ژێرزەوینی و سەرزەوینییەکانن، ئاماری بێکاری زۆر، نەبوونی ڕێگەوبانی گونجاوی گوندەکان، کەمی پێداویستیە فەرهەنگی و هونەرییەکان لە ناوەندیی پارێزگا سنوورییەکان یان شارستانەکانی ئەم پارێزگایانە (بۆنموونە شاری کرماشان بەبوونی حەشیمەتی زیاتر لە ١میلیۆن کەسەوە تەنیا خاوەنی ١ ساڵۆنی سینمایە) و هەروەها نەبوونی کەلوپەلی بێهداشتی و ساغڵەمەنی و ناتەندروستبوونی بیاقی ژیان (بۆنموونە خوزستان بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەی تەندروست لە زۆربەی ناوچەکانیدا بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی پەرەسەندنی نەخۆشییە چڵکاویەکاندایە) و... چەندین نموونەی جۆراوجۆری دیکە لە دەیان هەڵاواردنی دیکەیە کە کەتوارەکانی ئەمڕۆی ژیانی نەتەوەکانی ئێران دەخەنەڕوو.

لە ڕاستیدا کاتێك کە بەرنامەکانی گەشەپێدان بەپێی سەنتێز و ئامادەکارییەکانی وڵاتێك جێبەجێ ناکرێن، جگە لە دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان و کەرەستەکان و هەروەها نەبوونی گەشەی نایەکسان هیچ دەسکەوتێکی دیکەی لێ شین نابێت. لە ڕاستیدا تەنیا دەسکەوت و بەرهەمی ئەسڵی ٤٨ی یاسای بنەڕەتی، نەك دابینکردنی یەکسانی و گەشەی هاوتەریب بەڵکوو گواستنەوەی بەربڵاوی سەرچاوە ژێرزەوینی و سەرزەوینییەکانی ناوچە بەپیتەکان بووە کە نموونەی زەق و بەرچاوی ئەم مەسەلەش ڕاگواستنی ئاوە شیرینەکانی خوزستان، لورستان، کۆهگیلوویە و بۆیرئەحمەد و چوارمەحاڵ و بەختیاری بەرەو پارێزگا ناوەندی و بێئاوەکانی ئێران بووە، لەنێوچوونی ژینگەی مەسجدسولەیمان، کرماشان و ئیلامیش بەشێکی دیکە لە نموونە و وێناکانی ئاسەوارە دەرەکییە نێگەتیڤەکانی کەڵکاژۆوەرگرتنی پڕ لە چاونەزێری دانیشتوانی ناوەند لە سەرچاوە نەوتییەکانی ئەم گەلانە بووە و هەیە.

**نەوەیەکی نوێ و ڕابوونێکی نوێ**

کاتێك کە بەپێی ئامارە دەوڵەتییەکان لە ماوەی زەمەنی ساڵەکانی ٨٤ تاکوو ٩٠ی هەتاوی، ناوچە بێبەشکراوەکان خاوەنی بەرزترین پێوەری گشتی شمەك و خزمەتگوزارییە مەسرەفییەکان بووە و لەبەرامبەریشدا پارێزگاکانی فارس، تاران، ئیسفەهان و کرمان کەمترین پێوەری گشتییان بەرکەوتووە، خۆبەخۆ ڕابوون و ڕاپەڕینە ئێعترازییەکانی خەڵکی کورد، لوڕ، بەلووچ و عەرەب ڕەواییەکی عەقڵانی بۆخۆیان دەدۆزنەوە. نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی سەرچاوەکان و کەرەستەکان، گرانی لەڕادەبەدەری پێداویستیە ڕۆژانەکانی خەڵك لەم ناوچەگەلە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگا فارسزمانەکان، بەتاڵانبردنی سەرچاوە گشتی و نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی ئێران، سووکایەتییە بەردەوامەکان بە پیرۆزییە نەتەوەییەکانی ئەم ناوچانە، نەبوونی ژیانێکی ئارام لەباری ڕۆحی و جەستەیی و لەنێوبردن و خاپورکردنی بایەخ و نۆرمەکانی ئەم گەلانە مزگێنی هاتنی داهاتوویەکی نارۆون و تاریك دەدات بەدەستەوە. کە هەر لەم ڕاستایەشدا دەبینین ڕابوون و جموجۆڵە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانی نەوەی نوێ لە ساڵەکانی ٨٠ی هەتاوی بەملاوە بەربڵاوییەکی زۆرتری بەخۆوە بینیوە کە بەداخەوە لەگەڵ سەرکوتی نامرۆڤانە، توندوتیژ و ناڵۆژیکی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بەرەوڕوو بووەتەوە و دەتوانین سەرکوتی ڕاپەڕینی گەلی عەرەب و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کورد لە ساڵی ٨٤ی هەتاوی بە یەکێك لە بەرچاوترین و توندئاژۆترین چەشنی ئەم سەرکوتانە نێو ببەین.

لە ڕاستیدا نەوەی ئەمڕۆی نەتەوەکانی ئێران بە ڕوانینێکی شیکارانەوە دەڕواننە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی وڵات، بەتەواوەتی ئاگاداری مافە نەتەوەیی و شوناسییەکانی خۆیان هەن و وەکوو ئامرازێك بۆ پەرەدان بە پێوەندییەکانیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ شوناسخوازانی دیکەی ئێران کەڵك لە ئینتێرنێت وەردەگرن. لە ڕاستیدا ئینتێرنێت لە ئێستادا بووەتە ئامرازێك بۆ ڕاگواستنی ئەزموونەکان لەنێوان چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا. بوونی ئەم نەوە و ئەگەری ئەو مەترسییەی کە ئەوان دەتوانن لەدژی ناوەندنشینەکان بیگێڕن بەئاشکرا لە دارشتنی بەرنامەی پێنجەمی گەشەی ئێران بەدیار دەکەوێت. تەرخانکردنی یەك فەسڵ لەم بەرنامەیە واتە فەسڵی شەشەم بۆ گەشەی ناوچەیی و کەمکردنەوەی کەلێنەکانی گەشەی پارێزگاکان و هەروەها زیادکردنی ماددە یاساییەکانی ٨٠، ٨٤و ماددەی ٢٢٤ بەم بەرنامە کە جارێکی دیکە پێداگری لەسەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی گەشەی ناوچەیی دەکات، وتەکانی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوە.

بەڵام بوونی «ئەسڵی هۆکاری کۆکردنەوە» (اصل علیت انباشت) و هەروەها هێواشیی لەڕادەبەدەری بەرنامەکانی گەشە و درۆ و دەلەسەکانی دەوڵەت لە جێبەجێ کردنیان، تاکوو ئێستاش لەمپەڕی سەرەکی لەنێوچوونی کەلێن و بۆشاییەکانی گەشەی ناوچەیی لە ئێراندا بووە، هەر لەم چوارچێوەیەشدا نەبوونی دابەشکاریی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان و کەرەستەکان، بەربڵاوتربوونی مەودای گەشە لەنێوان پارێزگاکان، زیادبوونی هەرچی زیاتری سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران، ڕاگواستنی بێسنووری سەرچاوە و داهاتەکانی سەرچاوە بەرەو ناوەند، دووره دیمەنێکی ڕوون لە داهاتووی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران نادات بەدەستەوە. بە بێشك کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ناوچە پەراوێزخراوەکانی ئێران چیدیکە ناتوانێت درێژە بە بارودۆخی ٩٠ساڵی ڕابردوو بدات و لە ڕاستیدا بووەتە بۆمبێکی هەژێنەر کە تەنیا ڕێگەی پوچەڵکردنەوە و لەکارخستنی نەهێشتن و لابردنی هەڵاواردنەکان و ڕەچاوکردنی مافە نەتەوەییەکانی ئەوانە.



## جووت حەوت

### هەوراز

بەیاننامە بە بۆنەی ڕێککەوتنی چووزان: پاش ئەوەی کە ١٢ ساڵ بوو نەیارانی قاوەخانەی ڕۆشنبیریی جووت حەوت پێیان وابوو چاییەکەمان ژەهری تێدایە و هەر بەم بۆنەیەوە گەمارۆی نەوتییان بە سەر قاوەخانەکەماندا سەپاندبوو، لەم ڕۆژانەدا بە هیممەت و لێزانیی بەڕێوەبەرایەتیی بلیمەتی جووت حەوت و بە مەبەستی شکاندنی ئەو گەمارۆ زاڵمانەیە، وتووێژی نێوان وەزیرانی دەرەوەی گرووپی ٥+ ٦ و ئەحە زوڵفی، گەورە دیپلۆماتکار و وەزیری دەرەوەمان لە سەر ئەو مەسەلەیە بە ئاکام گەیشت. لەم پێوەندییەدا دوێنێ لە شاری «چووزان» ڕێککەوتنێك واژۆ کرا کە سەرکەوتنی ئێمەی بە سەر ئیمپریالیزمی چایخانەداریدا مسۆگەر کرد. لێرەدا سەرنجتان بۆ بەشێك لە نێوئاخنی ئەم ڕێککەوتنە پڕ لە شانازییە ڕادەکێشین:

١: لە ڕێککەوتنەکەدا مافی چایی لێنان بۆ مام تۆفیقی قاوەچی بە شێوەیەکی دۆفاکتۆ دانی پێدا نراوە، بەڵام بە مەرجێك کە چاییەکەی لە ماستاو ڕەشتر و لە سەهۆڵ گەرمتر نەبێت. بۆ ئاسانکاری لەم پێوەندییەدا، ڕێگەمان پێ دراوە لە بەکارهێنانی چایی خۆ ببوێرین. هەروەها مافی بە کارهێنانی قاوە و نیسکافەشمان نابێت و لە جیاتیی هەموویان دەتوانین لە نێو قۆرییەکەمان لە بەرانبەر هەر ٩٩٪ ئاودا ٣٪ ماستاو بە کار بێنین.

تێبینی: خاڵی بەهێزی ئەم بڕگەیەی ڕێککەوتنەکە لەوەدایە کە وەزیرانی دەرەوەی ٥+٦ قەولیان داوە لە بەرانبەر ئەو پوانەدا، هەموو ڕۆژێك سەردانی قاوەخانەکە بکەن و میوانی برای خۆیان بن.

٢: سەماوەرەکەمان لە سەر جێی خۆی دەمێنێتەوە و ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر مەزنە، بەڵام بە مەرجێك کە ئاو و ئاگر و چایی تا مەودای پێنج میتری نزیکی نەبنەوە، ئێمەش وەکوو ستافی سەماوەرەکە بۆ ئەوەی بێکار نەبین دەتوانین لە دەوری دانیشین و توێکڵە خەیاری برژاو (کە لە دەرەوە و بە چاوەدێریی لایەنی بەرانبەر برژاندوویانە) بژەنینە ناو ماستی حوشتر و بیکرمێنین.

٣: ئەسپەکەی بەردرگا کە جاران دارمان پێ دەهێنا بۆ نێو سۆبەکەمان، رادەستی گرووپی ٥+٦ دەکرێت و لە بەرانبەردا سێ ناڵ و دوو بزمار و هەوسارێك شڕ و شیتاڵمان بە خۆڕایی پێ دەدەن. لە ئەگەری پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنەکەدا بەڵێنیان پێ داوین کار بکرێت بۆ ئەوەی کە ساڵی ٢٠٥٠ کەرێکی کوێرمان بە لەغاوەوە بە خۆڕایی پێ بدەن (بە مەرجێك کە تا دوازدە ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتە زیاتر لە نیو کیلۆ بار نەخەینە سەر پشتی موبارەکی ناوبراو.

٤: لە ژێر چاوەدێریی تیمێکی نێودەوڵەتیدا بە سەرپەرشتیی «ڕەمەزان قەساو» سەرجەم پیاڵە و ژێرپیاڵەکانمان دەشکێنرێن و لە بەرانبەردا ٥+٦ یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی کە تا شەش ساڵی دیکە مەسینەیەك بۆ ئاودەستەکەمان بکڕین (ئەو یارمەتییە بواری ماڵی و دارایی ناگرێتەوە). شایانی باسە بۆریی ئاوەکەشمان هەڵدەگیرێت و بڕیار وایە لە ئەگەری پابەندبوونمان بە ڕێککەوتنەکەدا سەرەتای ساڵی ٢٠٣٥ دەبەیەك ئاومان بە خۆڕایی پێ بدەن.

٥: تا کاتێك کە ڕاستبێژیمان بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەسەلمێنراوە، مافی بەکارهێنانی ئاگر و سووتەمەنی و کەرەستە و ئامرازەکانی پێوەندیدارمان لە قاوەخانەکەدا نیە، هەروەها کارەبای قاوەخانەکە بۆ ٤٥ خولەك لە ڕۆژدا کەم دەکرێتەوە.

٦: ئەو مشتەرییانەی کە بیانهەوێ بەم حاڵەشەوە هێشتا سەردانمان بکەن، دەبێ پێشتر بە بەڵگە بیسەلمێنن کە فرپیان بە سەر عەقڵ و تێگەیشتنەوە نیە و لانیکەم پێشینەی ٣ ساڵ ڕاگیران لە شێتخانەیان هەیە.

٧: لە ئەگەری سەلماندنی نیازپاکیی خۆماندا بۆ گرووپی ٥+٦، بڕیار وایە ساڵی ٢٠٦٦ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتنێك بۆ شکاندنی گەمارۆ نەوتییەکانی سەر قاوەخانەکەمان بەڕێوە ببات کە ئەگەر هیچ لایەنێك ڤیتۆی نەکات، ڕێگەمان پێ دەدرێت بە کەیفی خۆمان نەوت بۆ سەماوەرەکەمان بکڕین (هەڵبەت ئەگەر لە ژیاندا مابین).

هەواداران و جەماوەری خۆشەویستی جووت حەوت!

لەو پێوەندییەدا بیستوومانە کە گوایە کۆمەڵە کەسێکی نەیاری جووت حەوت وەك حوسێن تەریقەتمەداری بەرپرسی ڕۆژنامەی «کێهـا؟» وتوویانە «ئێمە تەنیا نەوتمان بۆ سەماوەرکەمان داوا دەکرد کەچی قاوەخانەکەشیان لێ قەپات کردین». بەم بۆنەیەوە ئاگاداری هەموو لایەك دەکەینەوە کە ئەوەی پێی وابێت ئێمە کڵاومان چۆتە سەر و باسی ڕێککەوتننامەی تورکمانچای و خواردنەوەی قاپی ژەهر و ئاشبەتاڵ و لەو بابەتانە بکات، ڕادەستی دەزگای ئەمنیەتیی جووت حەوت دەکرێت و وەکوو خیانەتکار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بە کورتی و کوردی مەرج نیە ئەگەر کەسانی دەرەکی کڵاو بنێنە سەر ئێمە، کەسانی نێوخۆییش مافی وردەگلەییان هەبێت و حیسابی ئەوانیش عایدی «ئەبووشواریب» بێت.

هەروەها هەڵپەڕکێی گشتی بەم بۆنە پیرۆزەوە لە سەر شەقامەکان ئازادە و هەموان بۆیان هەیە بە ژێرشەرواڵی و تی شرتەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ شایی و ڕەشبەڵەك بگێڕن و پیرۆزبایی لە خۆمان و ئەحە زوڵفیی وەزیر و گەورە دیپلۆماتکارمان بکەن.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای دەربڕینی پیرۆزبایی خۆمان بەم بۆنەیەوە بۆ سەرجەم هەوادارانی هەمیشە سەرخۆشی جووت حەوت داواتان لێ دەکەین پاك و خاوێنیی ژینگە بپارێزن و خۆتان لە تەقەی خۆشی ببوێرن.

# ڕۆژی جیهانیی مینی دژە نەفەر

فاتمە عوسمانی

١٦ی خاکەلێوە ڕۆژی جیهانی مینی دژە نەفەرە. ئەو مینانەی هەتا ئێستا دژ بە مرۆڤ بە کاردەهێنرێن و سنوورێك بۆ بەکارهێنانی ئەو مینە و بەربەستێك بۆ ئەو شێوە کردەوانە لە لایەن زۆر وڵات و لایەن و گرووپ نیە و مل بۆ ڕێگەگرتن بۆ هیچ کارەساتێکی مرۆیی و دەکرێ بڵێین بە پێشێلکاری دانانێن. وڵاتی ئێران بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە درێژایی سنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە کاتی شەڕی ئێران و عێراق مین ڕێژ کراوە و هەتاکو ئێستا کارەساتی مرۆیی دەخوڵقێنێ. سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێکخراوەکانی هەڵگرتنەوەی مین تا ڕادەیەك پاك کراونەتەوە. بەڵام لە ئێراندا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە نەك هەر بۆخۆیان هەنگاوێك بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە هەڵناگرن بەڵکو ڕێگە لە ڕێکخراوەکانی ئەو بوارە وەك ژێنڤاکاڵ دەگرن بچنە نێو سنوورەکانی ئێران و لەو بوارەدا زانیاری وەرگرن و بە شێوەیەکی پراکتیکی هەنگاوی بۆ بنێن و بە تەواوەتی نکۆڵی لە بوونی مەیدانە مینەکان لەسەر سنوورەکانی ئێران و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا و هیچ زانیارییەك لە بارەی نەخشەی مەیدانە مینەکان ناخاتە بەر دەست کە لانیکەم هاووڵاتیان خۆیان بپارێزن. بۆیە بەردەوام کارەساتی مرۆیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی بوونی ئەو مینانە دووبارە دەبێتەوە. بۆ ڕێگە گرتن لەو کارەساتانە و گەیاندنی زانیاری لە لە بواری مینی دژە نەفەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی ژێنڤاکاڵ هەوڵ دەدا سەرەڕای گەیاندنی زانیاری پێویست لە ڕێگەی ڕاگەیەنەکانیەوە بە هاووڵاتیانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەو کێشانەش کە بە هۆی مینی دژە نەفەر لە کوردستان دێتە ئاراوە بەو ڕێکخراوە و هەروەها ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بگەینێ و ئاماری قوربانیانی ئەو بابەتە بخاتە ڕوو. بە هیوای ئەوەی کە چی دیکە خەڵکی وڵاتی ئێمە نەبنە قوربانی مینی دژی مرۆڤ.



# ٢١ی مارس هەڵاواردنی ڕەگەزی یان چەوساندنەوەی نەتەوەیی

ئیدریس ستوەت

هەڵاواردنی ڕەگەزی لە جیهاندا و لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا مێژویەکی دور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٧ و بەتایبەت لە وڵاتی ئافریقای باشوور کە سپی پێستەکان سیاسەتێکی زاڵمانە لەهەمبەر ڕەشپێستەکانی ئەم ناوچەیەیان گرتنە پێش و ئامانج لەو سیاسەتە جیاکردنەوەی سپی پێست لە ڕەش پێست و زاڵبوونی سپی پێست بە سەر ڕەشپێستەکان بوو. دواتر بە هۆی هەوڵ و خەباتی زۆری خەلك ئەم سیاسەتە لا برا و لە سالی ١٩٦٥ کومەڵگای نێونەتەوبی بۆ ئەوەی کە نفرەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و سەرکوتی نەتەوەی و کۆیلەداری و هتد نەمێنی، ٢١ی مارسی وەك ڕۆژی جیهانیی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی دیاری کرد.

کومەڵگای نێونەتەوی هەڵاواردنی ڕەگەزی وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەزانێ و هەموو ساڵێك لە جیهاندا ڕۆژی ٢١ی مارس وەك ڕۆژی جیهانی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی یادی دەکرێتەوە.

بەڵام ئێستاش هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زۆر وڵاتانی جیهاندا هەیە و تەنیا نابەسترێتەوە بە ڕەنگی پێستەوە بەڵکوو زۆر تایبەتمەندی دیکەش هەیە و تەنانەت ئەگەر ڕەشپێستیش لە هێندێك لەو وڵاتانەدا نەبێ، تایبەتمەندیە نەتەوەییەکان لە خۆ دەگرێ وەك هەڵاواردنی زمان، ئایین و نەتەوە.

لە وڵاتی ئێرانیشدا هەڵاواردنی ڕەگەزی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکان دەکاتە ئامانج و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هەموو شێوەیەك پەیرەو دەکرێت و بەداخەوە لە چوارچێوەی ئەم پلانە سیستماتیکەدا نەتەوەکانی ئێران دەکەونە بەر پەلاماری ڕەگەزپەرەستانی دەسەڵاتدار و لەم پێناوەدا لە هیچ کردەوەیەك سڵ ناکەنەوە.

نەتەوەکانی ئێران هەموو لە سەر ئەم باوەڕەن کە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ئێراندا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لە سەر ژیانی ئەوان داناوە و بەتایبەت لە مافی نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی بێبەش کراون.

لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە وڵاتی ئێراندا لەهەمبەر پەنابەران و بەتایبەت پەنابەرانی ئەفغانی لەوپەڕی خۆیدایە. وەك هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی پۆلیسی ئەم وڵاتە لەگەڵ پەنابەران و مافی هاتوچۆ نەکردنی پەنابەران بۆ پارێزگاکانی دیکە و مافی نەخوێندن و هتد.

جودا لەوە هزرێکی دیکە کە لە مێشکی دەسەڵاتدارانی باڵادەستی ئێران جێی گرتووە، ئەوەیە کە زۆر لە گرفتەکانی ئەمنیەتی و ئابووری و فەرهەنگی خۆیان دەخەنە ئەستۆی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەو ڕوانگەیەوە هەوڵی سڕینەوە و ئاسمیلەکردنیان دەدەن .




# ڕزگارکرانی گۆلی ورمێ بە نرخی بێ ئاو کردنی پارێزگای سنە

هیوا میرزایی

ئاو هۆی زیندووبوونی مرۆڤە و بێ ئاو مرۆڤ ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات و جیهان و هەموو بوونەوەرەکانی بەرەو لەنێوچوون دەچن. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٢ی مارسی وەك ڕۆژی جیهانیی ئاو ناوزەد کردووە، ڕۆژی جیهانیی ئاو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی لە کۆنفرانسی ژینگە و پەرەسەندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی هاتە گۆڕێ. ئامانج لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە گرینگی ئاو و پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان و خاوێن ڕاگرتنی ڕووبارەکان و کەڵکوەرگرتنی بەجێ لە ئاوە. قەیرانی بێ ئاوی ڕەنگە یەکێك لە مەترسیدارترینی ئەو قەیرانانە بێ کە ڕووبەڕووی وڵاتێك بێتەوە. وڵاتی ئێران بە یەکێك لە وڵاتانی دەوڵەمەند لە بواری سەرچاوە ئاو بە ئەژمار دێ و سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە بەڵام مودیریەتی نابەجێ و نەبوونی پلان و بەرنامەی سەردەمیانە وایکردووە کە ئەم وڵاتە بەرەو قەیرانی بێ ئاوی بڕوات. پرسی وشکبوونی گۆلی ورمێ لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە تایبەتی بووەتە پرسی ژینگە پارێزان و خەڵك، پرسێك کە خەریکە بەشێك لە ئێران و ناوچەکە بەرەو کارەساتێکی ژینگەیی مەترسیدار دەبا، بوونی خوێیەکی زۆر لەم گۆلەدا و ئەگەری وشکبوونی مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە گەردەلوولی خوێ ببێتە هۆی مەترسی و تێکدانی سروشت و ژینگەی ژیانی مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە. کاربەدەستانی ڕێژیم لەم ماوەیەدا چەندین پلانیان بۆ ڕزگارکردنی گۆلی ورمێ هێناوەتە بەرباس کە بە هۆی نازانستی و هەڕەمەکی بوونی پلان و بەرنامەکان هەر لە سەرەتاوە تووشی شکست بوون. دوایین بەرنامەی ڕێژیم بۆ ڕزگاربوونی گۆلی ورمێ لە وشکبوون، ڕاکێشانی ئاوی پارێزگای کوردستانە بۆ ئەم گۆلە یان بە واتەیەکی دیکە وشککردنی سەرچاوە ئاوییەکانی پارێزگای کوردستانە. لەم پلانەدا ٦٥٪ ئاوی پارێزگای کوردستان بۆ ڕزگارکردنی گۆلی ورمێ تەرخان دەکرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە وتەی موحسێن بیگلەری نوێنەری شارەکانی سەقز و بانە، خودی شاری سنە لەگەڵ قەیرانی بێ ئاوی بەرەوڕوویە و ئێستا بۆ دابینکردنی ئاوی ئەم شارە لە بەشی مردووی بەنداوی سنە کەڵك وەردەگیردرێ، هەروەها ناوبراو ئەوەیشی باسکردووە کە نزیك بە ٥٠٪گوند و شارەکانی پارێزگای کوردستان تووشی قەیرانی ئاوی خواردنەوە بوون. مەعسوومە ئیبتکار بەرپرسی ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە باس لە وشکبوونی ٨٨٪ گۆلی ورمێ دەکات، هەرچەند بارینی بارانی ئەمساڵ هێندێك یارمەتی داوە بە زیادبوونی ئاو لەم گۆلەدا بەڵام بۆ ڕزگارکرانی ئەم گۆلە لە وشکبوون پێویستە بەرنامە و پلانی زانستی و سەردەمیانە جێبەجێ بکرێ، ڕەنگە بە ڕاکێشانی ئاو لە پارێزگای کوردستانەوە گۆلی ورمێ لە وشکبوون ڕزگاری ببێت بەڵام ئەمجارەیان پارێزگای کوردستان تووشی قەیرانێکی گەورەی مرۆیی و ژینگەیی دەبێتەوە و ئەمەیش بووەتە هۆی نارەزایەتی بەربلاوی خەڵك و ژینگەپارێزانی کوردستان و زۆرتر ئەم پرۆژەیە بە پلان و بەرنامەیەکی سیاسی و لە درێژەی ئەو پیلانانەی ڕێژیم دادەنرێ کە لە ماوەی دەسەڵاتداریدا لە دژی کوردستان بەگشتی ئەنجامی داوە .



# هەڵاڵە و ئارەزوویەكی ترساو

## خوێندنەوەیەكی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە » نووسراوەی «عەتا نەهایی»

لەیلا ساڵحی– بۆكان

بەشی سێهەم و كۆتایی

بەڵام ژنان لە سەدەی هەژدەهەم بەولاوە، بە خوێندنەوەی بەردەوام گەیشتنە ناسینی ناخی خۆیان و دوای ئەویش مافی خۆیان وردە وردە خەسارناسی ژیانی خۆیان لە كۆمەڵگا دا. خوێندنەوەی كتێب ئیدەی نوێی بەوان بەخشی و كۆبوونەوە ئەدەبییەكان، بواری وت و وێژی پێدان بۆ گۆڕانی جیهان و ئەوەش نیگەرانی و ترسی پیاوانی بە دواوە بوو. پیاوان هەستیان بەوە دەكرد كە خەریكە هەڕەشە لە پێگەیان دەكرێت و هەوڵیان دەدا ژنانی خوێندەوار پەراوێز خەن. تەنانەت لە ئورووپا سێینەی (ژن-كتێب-هیستری) واتە نەخۆشی دەروونی ببوە دەنگۆ. هەروەها لە تابلۆكانی ئەو سەردەمەش دا بۆ وێنە تابلۆیەك لە «فرانس ئی بێل» لە ١٨٥٠، وێنەیەك خولقاوە كە داكۆكی لە سەرەڕۆیی ژنانی هۆگر بە خوێندنەوە دەكات. وێنەكە وێنەی كچێكی لاوە كە كتێبەكەی بەرەو ڕووی خۆی گرتووە، بەڵام شانێكی ڕووتە. جگە لەوەش زۆرن ئەو تابلۆیانەی ئەو سەردەمە كە تێیان دا خوێندنەوەی ژنان وێڕای ڕەنگ و بۆیەكی سێكس هاتووە. واتە خوێندنەوە دەبێتە هۆی بێ ڕەوشتی و بێ چاو و ڕوویی ژنان.ئەو نیگەرانییەی باسمان كرد لە گوتەكەی هەڵاڵە دا كە دەڵێ:» ئەو دەترسێ لە من دوا بكەوێت» بە تەواوی دەبیندرێ. شێرزاد هەر لە چەشنی ئەو پیاوانە ناتوانێ قەبووڵ بكات هەڵاڵە زانكۆ بچێت و لە گەڵ دكتۆر سەعید باسی چیرۆك و ئەدەبیات بكات. ئەویش پێی وایە ئەوە ڕاست دەبێتە هۆی بێ چاو و ڕوویی و بێ ئەخلاقی هەڵاڵە و بۆی ناسەلمێندرێ كە ژنێكی ئاوەهای هەبێت. دەكرێ بڵێین ئەو پەتایەی زەینی پیاوانی سەدەی هەژدەهەمی ئورووپای داگرتبوو ئێستا كەوتۆتە گیانی شێرزادی نوێنەری كۆمەڵگای كوردەواری. لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە دا، جگە لە هەڵاڵە ژنانی دیكەش هەن كە هەرگیز وەك ئەو بیر ناكەنەوە و وەك ئەویش ناژین. ژنانی نەریتی كە واتای وەك ڕابردوو، خەیاڵ، خامۆش مان و بێدەنگ بوون، گریان، ئارەزووی هەبوونی خانوو یان سەرپەنایەك، كاری ماڵێ و منداڵ داری و شت چنین بۆ مێردەكانیان....هتد... تەنگی پی هەڵچنیون. «سەعادەت» یان «ڕەعنا» ، هەردووك ژنەكەی «حەمەرەشیدئاغا» ڕاست بەو جۆرەن. هیچیان نایانهەوێ ماڵیان لێ بشێوێ و پێیان وایە دەبێ سەرپەنایەكیان بێ كە نیشانەی ڕاوەستان و نەجووڵان و سەقامگیربوونە و تەنانەت ڕەعنا ڕازییە هەوێ ساری بكێشێ بۆ ئەوەی لە ماڵێك دا حەمەرەشیدئاغا بیپارێزێ. سەعادەتیش زۆر جاران بێ هۆگر دەبێت و هەمیشە هەوڵ دەدا فەرمانی مێردەكەی بەجێ بێنێ و منداڵەكان بەوە مەجبوور كات شەڕەفی بابیان بپارێزن و لە قسەی دەرنەچن. ئارەزووی ئەو تەنیا هەبوونی ئەوەندە هێمنایەتییە لە ماڵ دا. ئەوە لە كاتێك دایە كە حەمەرەشید ئاغا ڕاست وەك كەسایەتی پیاوی ڕۆمانی «شوهر اهو خانم» بە دزییەوە ژنی بەسەر دێنێ. واتە ئەو ژنە دەستەوەستانانە هەر دەڵێی شیاوی ئەو جۆرە بەكەم دانانەن. ئەوان خۆیان بەبەرپرس لەهەمبەر كۆمەڵگادا دانانێن و پێیان وایە بەدەر لە بنەماڵە بەرپرسایەتێكی دیكەیان نییە و ڕۆڵێكی كۆمەڵایەتی بۆ خۆیان ناناسن. كۆمەڵگاش خۆی لەهەمبەر ئەوان بەبەرپرس نازانێ و هەر ناشیان بینێت. گوڵاڵە خوشكی هەڵاڵە تەواوی خواستی، گەیشتن بە ئەویندارەكەی و وەك گوتمان بەختەوەری بنەماڵەییە كە بۆشی دەستەبەر دەبێ. واتە بەو پێیە دەكرێ بڵێین ڕەنگە كۆمەڵگای كوردی وردە وردە بەوە ڕاهاتبێ كە مافی هەڵبژاردنی ژیان بدا بە ژن، بەڵام دەكرێ بڵێین ئەگەر چاوێك لە واقعییەتی كۆمەڵگای كوردی دەكەین ئێستاش لە زۆربەی ناوچەكان ئەو شتە مەحاڵە و ناگونجێ. هەڵاڵە لە گەڵ ئەوان جیاوازە. ئەو نوێنەری ژنێكی مودێرنە كە ئاواتە خوازی سەربەخۆیی كۆمەڵایەتی و ئابوورییە و چیرۆكنووسینی دكتۆر سەعید واتە مەیل بە ئافراندنی ئەدەب بە لای ئەوەوە شتێكی گرینگ و جێی ڕێز و سەرنجە. ئەو بە هیوای پێشكەوتن و داهاتوویە و گەڵاڵەی بۆ دادەڕێژێ و دەخوێنێ. ئەو هەوڵ دەدا دەوری ژاندارك بگێڕێ و بتوانێ لە ڕۆڵی ژنی ناو ڕۆمانەكەدا، ڕۆڵی قارەمانێكی بەناوبانگیش بنوێنێ. نووسەری ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە توانیوێتی كەسایەتی ژنێكی نوێ و جیاواز لە ڕۆمانەكانی پێشووی كورد بخوڵقێنێ كە خواست و هەستی جیاوازە و لێوالێوە لە ئارەزووی گەشەی كۆمەڵایەتی و توانیوێتی لە خواستی بەختەوەری بنەماڵە و عەشق بەرزتر بڕوا و سنووری ئارەزووە نەریتییەكانی ژنانە تێك بشكێنێ.بەڵام ئاخۆ ئەو توانای زەینی و كۆمەڵایەتی گەیشتن بەو خواستانەی هەیە؟ ئێستا لاپەڕەی ١٩٧ی ڕۆمانەكە هەڵدەدەینەوە كە بڕیارە لەوێ دا هەڵاڵە ڕۆڵی ژاندارك بگێڕێ:

«هەڵاڵە ئاواتە خواز بوو زوو ئەو مەحكەمەیە كۆتایی پێ بێت و هەڕەشە و گوڕەشەی قازی و قەشەكان ببڕێتەوە. حەزی دەكرد خۆی لە چاو و نیگای پڕ ستایشی ئەو هەموو خەڵكە قوتار بكات. دەستی برایمۆك بگرێت و دوو بە دوو بڕۆن بۆ سەركانی عاشقان...دیسان دیالۆگەكەی لە بیر چووبۆوە. دیسان برایمۆك بە جووڵەی دەم و لێوی، هەوڵی دەدا وەك دەرهێنەر یاری بدات: قسەكانی ژاندارك:» من وەك كچێكی ئایینیدار بە ئەمری خودای گەورە لە پێناوی ڕزگاری نیشتمانەكەم دا جەنگاوم. خەڵك چاوەڕوانی سووتان و مەرگێكی قارەمانانەیان لە ژاندارك دەكردەوە...بەڵام سووتان و مەرگی هەڵاڵە نەتەنیا قارەمانانە نەبوو، بەڵكوو گاڵتەجاڕانەش بوو... دەتكوت دەورێكی كۆمێدی دەگێڕێ. كۆمێدییەكی بێ تام. برایمۆك لەوە نائومێد بوو كە ژاندارك قارەمانەتی بنوێنێت، بۆیە دیسان خۆی دەنگی هەڵبڕییەوە: ئەمە ئاگری دۆزەخی خودا نییە. ئەمە مەرگ و سووتانە لە پێناوی....» هەڵاڵە كاتێك بە خواستی خۆی ئامادە دەبێ ڕۆڵی ژاندارك بگێڕێ، لە كوردستانە، بەڵام ئەو توانای هەزم كردنی چاوانی پڕ لە ستایشی تەماشاوانەكانی نییە و ئارەزووی هەیە لە شانۆكە بچێتە دەرەوە. دیسان ئەوە برایمۆك واتە دڵدارەكەیەتی كە لێرەدا باسكی یاریدەدەرە و ئەو نیوەی هەوڵی كۆمەڵگایە كە بیر و ڕای جیاوازی هەیە و هیوادارە «ئانیما»كەی واتە ژنە ئارمانییەكەی بتوانێ دەوری ژاندارك بگێڕێ. دیسان وەبیر قسەی ئیریگارای دەكەوینەوە كە پێی وابوو ژنان بۆ شوناسی ڕەگەزی خۆیان و تەنانەت قسەكردنیش دەبێ لە زمانی پیاوانە یارمەتی وەرگرن. بەڵام بە پێی ڕووداوەكان تەنیا پیاوێك كە باسكی یاریدەدەرە بۆ هەڵاڵە، برایمۆكە، كە شتێك جگە لە كۆمەڵگا؛ واتە هێژمۆنی سیاسی زاڵ بواری پێ نادا تا نیوەی دووهەم زیندوو كاتەوە. ژاندارك ئەو ڕزگاریدەرەی وڵاتی دای و بابی خۆی بوو كە بە هۆی هەوڵ دان و لە خۆبوردوویی خۆیەوە بۆ بە قارەمان بوون كۆمەڵگا دەیكوژێت. بەڵام هەڵاڵە وێڕای هەوڵدانی باسكی یاریدەدەریش تەنانەت ناتوانی لاسایی ئەو بكاتەوە. بەشێك لە ئاواتە كۆمەڵایەتییەكان لە واقیعی كۆمەڵگادا هەرگیز دەستەبەر ناكرێ و تەنیا بە ڕوخساری ژنی قارەمانەوە (فەرافكەنی) دەكرێت. ئەوسا ژنی قارەمان دەبێ دەستەمۆی كارەساتەكانی ڕیوایەتەكە بێت و پاشان نووسەری ئافرێنەری ئەو دۆخەش ئەو شتەی وا لە ڕاستی دا بۆی نالوێ لە خەیاڵیش دا بۆی ناگونجێت و ناچارە قارەمانەكەی بكوژێ. «هێلێن سێكسۆ» پێی وایە هەڕەشەی كوشتن لە قارەمانی ئارەزووی مەحاڵ لە ڕاستی دا ئەمر كردنە بە بێدەنگی و كپ مانەوە. دەنگ دانەوەی ئەو جۆرە بارودۆخە لە دەقە ئەدەبییەكان دا، لە ڕاستی دا ڕوخساری وا لە ژنان دەنوێنێ كە ڕاستینە نین، بەڵكوو تەنیا ئارەزوو یان ئەندێشەیەكن كە چوونەتە كلێشەیەكی بێ هێزەوە.(١٠)هەڵاڵە ناتوانێ بۆ ژاندارك كلێشەیەكی بە هێز بێ، چونكە لە خۆی ڕانابینێ. ئەو لە بەشی یەكەمی شانۆكە دا سەركەوتوو دەبێ، بەڵام كاتی كوشتنی ژاندارك كە تەنیا شانۆیەكیشە دەڵێ: «پێم وابوو خەریكن بە ڕاست دەمسووتێنن و دەمكووژن.» ئەوە بەو مانایەیە كە ترس و دڵەڕاوكێ لە حوكمە ناحەق و دژە مافەكانی كۆمەڵگا و مەحكووم كردن بە نەمان تەنانەت لە شانۆش دا هەر هەڕەشە لە ژن دەكات و بەربەستی ژنە بۆ دەور گێڕان لەو ڕۆڵانەی كە ڕەنگە قارەمانانە بن. كەوابوو هەڵاڵە ئەو كچە بە توانایە نییە كە دەست لە گیانی بشواتەوە و بتوانێ ئامانجێكی وا بەشكۆی بێت. داخۆ بڵێی هۆی سەرەكی ئەو باسەش ئەوە بێت كە كۆمەڵگا یەستا نەیتوانیوە ڕووحی ڕزگاریخوازی لە كچان دا تا ڕادەی لەخۆبووردوویی بخوڵقێنێ یان قارەمانانی ڕۆمانەكە نەیان توانیوە ڕەها بن و لە ئەڵقەی ئەندێشەی نووسەر دەرباز بن؟ داخۆ نووسەر چەندە بواری داوە قارەمان دەرباز بێ و خۆی كارەساتەكان بئافرێنێ؟ بەڵام جگە لە كۆمەڵگا و نووسەر، نەریتە كولتوورییەكانیش دەتوانن هۆكار بن. هەرچەند هەڵاڵە هەوڵ دەدا بە ئاوەز و ئاواتی سەربەخۆیی و خۆسالارییەوە بەرهەڵستی ئەو ڕوانگەیە بێت وا ئارەزووی شكۆی ئەوی بەلاوە پووچ و بێ نرخە، بەڵام هەڵكشانی ژنان لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی جیهانێك كە هەموو تواناكانی ئەو بە ڕەسمییەت دەناسێ و بایخی پێ دەدا، ڕێگەیەكی دژوار و دوور و درێژە، ئەویش بۆ ژنانی كۆمەڵگایەك كە زۆربەیان بكەر و تەواو خوێندەوار نین و زۆر جار هەر وەك كەرەسەیەكی جینسی چاویان لێدەكرێ. بە گوتەی ڕاوی ڕۆمانەكە: «هەڵاڵە هێشتا پاش دە ساڵ ئێوارانی ئەوێی -واتە كوردستانی- لە بیر مابوو، ڕەنگە كاتێك ئەوێی بە جێ هێشتبوو و هاتبووە ئێرە، ئێوارانی ئەوێی لەگەڵ خۆی هێنابوو، دڵتەنگییەكانیشی، خەمەكانیشی. (١١) ئێوارە وەك سێمبولی ڕۆژاوا و سەرەتای تاریكی، یادگارێكە كە هەڵاڵە لەگەڵ خۆی بۆ هەندەرانی دەبات و ناتوانێ لێی دابڕێ. ناتوانێ بە تەواوی ئەو شتانەی وا لە ڕابردوو دا نارەحەتی كردووە لە بیر بەرێتەوە، یەستا ئازاری دەدەن. واتە هەڵاڵە هەرچەند هەوڵ دەدا ژنێكی مودێرن بێ و لە گەڵ كۆمەڵگای ئازاد دا بڕواتە پێشێ، بەڵام زەینییەتی یەستا هەر داخدارە و لە نەریتە ئازار هێنەرەكان نەپرینگاوەتەوە، ئەوانەش دەبنە بەربەست بۆ ئەوەی ئەو بە تەواوی ژنێكی بە توانا بێ. بە تایبەت كە بە گوتەی خۆی دەڵێ:» نازانم بۆ وەك دایكم هەندێ جاران لە خۆمەوە دەگریم.» واتە نەیتوانیوە بە تەواوی لە دایكی، كە نوێنەری دایكی نەریتییە و ئاستی خواستەكانی نزم و بچووكن، دابڕێ و بە تەواوی جیاواز بێت. لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا بە وتەی ڕەعنا چارەنووس نەگۆڕە و چاڵێكە لە بەردەمی هەڵكەنراوە و دەبێ ژن بكەوێتە ناوییەوە، تەڵەیەكە لە بەرپێی داندراوە و دەبێ ژن پێوەی بێت. داخۆ دیسان نواندنەوەی ژن لەو ڕۆمانە دا، دیسان بەرهەمهێنانەوەی ئیدئۆلۆژی زاڵی جینسی یە یان نووسەر دەیهەوێ دژی ئەو ئیدئۆلۆژییە ڕاوەستێ؟ دیارە بە پێی ئاكامی ڕۆمانەكە نووسەر دوو جۆر ئاراستەی بۆ كارەساتی كوشتنی هەڵاڵە هەیە. یەكەمیان ئاراستەی كۆمەڵگای كوردییە كە بابی هەڵاڵە لەوێ دا یەكجار توورەیە لە مەجید چونكە نەیتوانیوە شەڕەفی ئەو كە هەڵاڵەیە بپارێزێ و بە بێ ئەوەی تەنانەت لە حاڵی هەڵاڵەش بپرسێ نیگەرانی ئابڕووچوونەكەیە و گیان و خواست و ئارەزووی هەڵاڵە تەنانەت هیچ بایخێكی بە لای بابییەوە نییە. ئاراستەی دووهەم زمانی سوئێدییە كە ڕووداوەكە بە «كاتاستڕۆف» واتە كارەسات باس دەكەن و پێیان وایە هاتنی پەنابەرە سەر ڕەشەكان بەو دیارییە جینایانەوە هەڕەشەیەكە بۆ سەر كۆمەڵگاكەیان. لە لایەكی دیكەشەوە شاعیرێكی كوردە لە تەلەویزیۆنی لۆكاڵیی سوئێد دا كە دەڵێ تەنانەت پیاوانی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیریش دەستەڵات دژی ژن دەخەنە گەڕ. یەكێك وەك شێرزاد بە كوشتن، یەكێك وەك حەمەرەشیدئاغا بە دنە دانی شێرزاد و یەكێك وەك مام و براكانی هەڵاڵە بە دنە دانی بۆ ئەوەی هەڵاڵە توند و تیژی مێردەكەی تەحەممول بكات. تەنانەت دكتۆر سەعیدیش تاوانبارە. دیارە ئیدئۆلۆژی زاڵی جنسی دیسان دووپات بۆتەوە بەڵام نووسەر وەك ڕاوی لە كلێشەی دكتۆر سەعید دا ئیدئۆلۆژییەكە ڕەها ناكات. نووسەر دان بەوە دادەنێ كە تەنانەت ڕۆشنبیرەكانیش ناتوانن مافی دەستەڵات دار بوون بە سەر ژن دا لە كیس بدەن و هەر وەك هەمیشە ژیانی ژن بە مڵكی تەواوی خۆیان دەزانن و لە ئاكام دا «كاتاستڕۆف» دەخولقێ. كاتاستڕۆفێك كە بەرهەمی مێژوویە، چونكە ئەوە خەنجەرێكی مێژوویی و بە لای بای هەڵاڵەوە بە نرخی مێژووی كوردە كە زگی هەڵاڵە هەڵدەدڕێ و مافی ژیانی لێ دەستێنێ و پیاوی كورد ناتوانێ نەریتە مێژووییەكان دابڕێ. تەنانەت ئەگەر بە نرخی كوشتنی خۆشەویست ترین ژنیش بێ. مردن یا كوشتنی هەڵاڵە لەو ڕۆمانە دا دەبێتە هۆی ئەوەی ژن دیسان بێ بەش بێت لە پێكهێنانی نیزامێكی كولتووری و دیسان ئەوە بنوێندرێ كە ژنان تەنیا بە جۆرێك دەتوانن لە ڕۆمانەكان دا بپارێزرێن كە لە باری ئەخلاقییەوە باشترین و گوێ ڕایەڵترین بن، تا هێمنایەتی ژیانیان دەستەبەر بكرێت. دیارە وەكی كوتمان بە ڕای من نووسەر بەو گێڕانەوەیە بەرهەڵستی ئەو ئیدئۆلۆژییە زاڵە جنسییە بۆتەوە. گرەوی بەختی هەڵاڵە ئەو ڕۆمانەیە كە بە بێ دابڕان لە نەریتە كولتوورییەكان هەوڵی داوە ڕووبەڕوو بوونەوەیەكی ڕەخنەگرانەی لە دژی نەریتەكان بێت و كۆمەڵگا هان بدات بە خۆی دا بچێتەوە و بیروڕای خۆی لەمەڕ ژنەوە بخاتە ژێر تیشكی ڕەخنەوە. بەڵام ئایا تەمەنی كوشتنی ژنان لە پێناو خواستەكانیان ئەو جۆرەی كە لە ڕابردوو دا بە زمانی فۆلكلۆر تیئۆریزە بووە تا كەی لە ئەدەبیاتی نووسراو دا دەوام دێنێ؟ هەر وەك بە وتەی «پیاژە» كایە كردنی منداڵەكان بۆخۆی جۆرێك پرۆڤە كردنی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە، ئایا دەكرێ ئەو بوارە بۆ خوێندەواری كورد هەبێ كە لانی كەم ئەو ئارەزووە كۆمەڵایەتییە وردە وردە پرۆڤە بكات؟(١٢) داخۆ ڕیسالەتی ڕۆمانەكان وەك لە سەرەتا دا كوتمان بەو شێوەیە ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ كە ئەوجارەیان لە نەریتە ئەدەبییەكان بترازێن و پلانی ئەندازیاری ئەدەبی – كۆمەڵایەتییەكی تریان بۆ قارەمانە ژنەكان هەبێت و نووسەر ئەو جار ناچار نەبێ قارەمانەكەی بكووژێ. داخۆ هونەر بەو هەموو دەستەڵاتە ئیستاتیكییەوە كە هەیەتی توانای تێپەڕاندنی نەریتە ئەدەبییەكانی هەیە؟ بەو جۆرەی كە هەڵاڵە توانی لە خواستە نەریتییەكان بترازێ. ئەدەبیاتی داهاتوو وا دەكا ڕووحێكی یەكگرتووی كۆمەڵایەتی وا بە دی بێنێ كە ژنەكان لە خۆیان ڕاببینن ڕۆڵی ژاندارك پرۆڤە بكەن؟

١٠. زن و ادبیات ١٤٩
١١. گرەوی بەختی هەڵاڵە ٤٣
١٢. هنر و جامعه ٢٨٨

سەرچاوەكان:

١- نەهایی،عەتا(٢٠٠٣) گرەوی بەختی هەڵاڵە، سلێمانی: بنكەی ڕەنج
٢- قازی،ڕەحیم(بێ تا) پێشمەرگە، بی نا
٣- عەلی بەختیار(١٩٩٨) ئێوارەی پەروانە، سوئێد: ناوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی
٤- ئەحمەد،برایم(١٩٩٩) ژانی گەل، سلێمانی، كاكەی فەللاح
٥- بەحری،ئەحمەد(٢٠٠٠) گەنجی سەر بە مۆر،سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
٦- احمدزادە،هاشم(١٣٨٦) از رمان تا ملت، ترجمە بختیار سجادی، سنندج: دانشگاە كردستان
٧- نجم عراقی,منیژە(١٣٨٦) زن و ادبیات, تهران: نشر چشمە
٨- باستید, روژە(١٣٧٤) هنر و جامعە, ترجمەغفار حسینی،تهران: انتشارات:توس
٩- خانی،ئەحمەد(١٣٦٧) مەم و زین، (ڤەژاندنا پەرویز جیهانی)، ارومیە : انتشارات صلاح الدین ایوبی

## بڵاوكراوەی نوێ

چاپی یەكەمی كتێبی «نسكۆ و دابڕان» لە نووسینی ڕێزدار كاك مستەفا هیجری لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی‌دا لە تیراژی ١٠٠٠دانەدا و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاو كرایەوە. « نسكۆ و دابڕان» لە بەشی نسكۆدا دەپەرژێتە سەر چۆنیەتی و وردەكارییەكانی شەهید كرانی دوو سەركردەی مەزنی كورد، شەهید دوكتور قاسملوو و هەروەها شەهید دوكتور شەرەفكەندی و هەروەها لە بەشی دابڕانیشدا ئاوڕ لە وردەكارییەكانی دابڕانەكان لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە كۆنگرەكانی ٤ و ٨ و ١٣ی حیزبدا دەداتەوە. چاپی یەكەمی «نسكۆ و دابڕان» لە ماوەی یەك مانگدا لە بازاڕدا نەما و بەم زووانە چاپی دووهەمی ئەم كتێبە دەكەوێتە بەر دیدی خوێنەران.






# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 650* ▪ *4 Apr 2015*



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr






